? Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.11.29 08:58:05 -06'00'





# شەڕی سپی و ئاشتی ڕەش!

## لێکۆڵینەوەیەکی "سۆسیۆ سایکۆلۆژی"یە دەربارەی کێشەی ژنان

**مەهاباد قەرەداغی**

### دەروازە

سەرەتاو کۆتایی هەموو شەڕێك لە مێژوودا دەتوانرێ بە پێوەری پۆلیتیك دەستنیشان بکرێت. فاکتەرە گشتیو تایبەتییەکانی هەر جەنگێك و ئاکامە نێگەتیڤە ئابوریو کۆمەڵایەتیو دەروونییەکانی ئەو جەنگانە دەبنە بابەتی گرنگیپێدراو لە لایەن ئابوریزانو کۆمەڵناس و دەروونناسەکان. هەمیشە زیاتر لە شیکردنەوەیەك و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هۆو ئاکامی ئەو شەڕانە دروست دەبن. ئەویش بێگومان بەهۆی جیاوازی ئاقارەکانی ئەو زانستە مرۆڤایەتییانەوەیە کە گرنگی دەدەن بەو کێشانە.

جەنگە جیهانییەکان، شەڕی جیهانی یەکەم و دوەم، تا ئێستا وەکو شەڕی مەزن و دنیاگر ناوبراون، چونکە قوربانییەکانی ئەم شەڕانە ملیۆنانن، زیانە ئابورییەکانی ئەم شەڕانە ژمارەی سەرنجڕاکێشن، ئاکامە نێگەتیڤە کۆمەڵایەتییەکانی فراوان و ئاکامە دەروونییەکانیشیان جێی سەرنج و بایەخی زۆر لە لێکۆڵەرەوەو پسپۆڕانی بوارە کۆمەڵایەتیو ئابوریو دەروونییەکان بوون.

بێگومان لەم جەنگانەش درێژخایەن تر هەبوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. جەنگی وا هەبوە دەساڵی خایاندوەو هی واش هەبوە سەد ساڵی خایاندوە، بەڵام درێژترین شەڕی مێژوو هیچ یەك لەو جەنگ و کێشانە نین کە لە نێوان وڵاتێك و وڵاتێکی تر، یان گەلێك و

گەلێکی تر، یان لەناوخۆی وڵاتێکدا یاخود لە نێوان چەندان وڵاتدا ڕوویان داوەو ڕوودەدەن، بەڵکە درێژترین و بەردەوامترین شەڕی مێژووی مرۆڤایەتی شەڕی نێوان پیاو و ژنە. کە ناهەموارترین زیانی کۆمەڵایەتیو زۆرترین زیانی ئابوریو ترسناکترین زیانی دەروونی هەبوەو هەیەو دەبێ.

لە ئەنجامی شەڕەکانی تردا، وا هەبوە کە دابڕان لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، یان گەلە یان ئەو چەند وڵاتەدا ڕوو بدات و بە دەیان ساڵ پەیوەندی بەیەکەوە نەکەن، بەڵام شەڕی درێژخایەن و بەردەوامی نێوان ژن و پیاو نەبوەتە هۆی ئەوەی لە ڕووی فیزیکییەوە ژن و پیاوی لە یەکتر داببڕێن، بەڵکە زۆرترین پەیوەندیشیان هەیەو دەبێ، بەڵام دابڕانێکی لەوە سامناکتر لە ڕووی دەروونییەوەیە کە لە ڕۆحەوە ژن و پیاوی بەیەکتر نامۆ کردوەو جێگەی بۆ پەیوەندییەکی ئاسایی مرۆڤانە نەهێشتۆتەوە لە نێوانی ئەم دوو بوونەوەرە هاوژیانەدا، بە تایبەتی لەو شوێنانەی دنیادا کە شەڕی نابەرامبەر تیایاندا گەرمە، دەتوانرێ بە بەرەی جەنگ ناوببرێ، بە بۆچوونی من ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ بەرەی جەنگێکی نابەرامبەرو کوشندەیەو ژنانی ئەو دەڤەرە بەر سامناکترین پەلامارو شاڵاوی بەخوڕ بوونەتەوە. جەنگی دژ بە ژن لە کوردستانی ئێمەشدا تا بێ ڕوو لە دژوارییەو قوربانییەکانی ئەم جەنگە سەدان ژنن کە بە بێ هۆو بێ ئەوەی بتوانن کاریگەرییەکیان هەبێ لەسەر خودی ژیانی خۆیان، لاشەکانیان لەم کۆڵان و لەو دەڤەر، لەم سەرشەقام و لەو پەنا دەدۆزرێنەوە. بۆ ئەوەی بە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسانە لە هۆکارە کۆمەڵایەتیو دەروونیەکانی ئەم شەڕە بکۆڵینەوە، پێویستە سەرەتا بە کورتیش بێ، بزانین:

**کەی ئەم شەڕەو بۆ ئەم شەڕە هەڵگیرسا؟ ئامرازە بەکارهاتوەکان لەم شەڕەدا چی بوون؟ ئاکامەکانی ئەم شەڕە چ زیانێکی لە مرۆڤایەتی بە گشتیو لە ژن بە تایبەتی داوە؟ ئایا دەشێ ئاشتی بەرپا ببێ لە نێوان ئەم دوو لایەنە؟**

کەی ئەم شەڕەو بۆ ئەم شەڕە هەڵگیرسا؟ ئامرازە بەکارهاتوەکان لەم شەڕەدا چی بوون؟ ئاکامەکانی ئەم شەڕە چ زیانێکی لە مرۆڤایەتی بە گشتیو لە ژن بە تایبەتی داوە؟ ئایا دەشێ ئاشتی بەرپا ببێ لە نێوان ئەم دوو لایەنە؟

زۆر کۆمەڵناس و ئابوریزان و لێکۆڵەرەوە بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کێشەی ژنان دەربڕیوە، هەر کەسێکیشیان لە تێڕوانینی خۆیو ئاقارەکەیەوە لە هۆکاری چەوساندنەوەی ژنان دواوە. کۆمەڵناسە کلاسیکەکانی وەکو کارل مارکس و ئێمیل دورکهایم و ماکس وێبەر بایەخیان بەم بابەتە داوە، لە نەوەی کۆمەڵناسانی دوای ئەوانیش ئەم کێشەیە جێگەی لێکۆڵینەوەی زۆریان بوە.

لەم بابەتەدا دەمەوێ بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بەم کێشەیە بهێنمە بەرباس، کێشەی ژنان بە گۆشەنیگایەکی کۆمەڵناسی- دەروونناسی بخوێنمەوە، هێندەی بشکرێ سەرنجی تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردو کێشەی ژنی کوردستان بدەم و ئەو دیاردانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان هەبووە هەیە بخەمەڕوو و بۆچوونی خۆمیان لەسەر دەربڕم.

## کام شەڕی سپی، بۆ ئاشتی ڕەش؟

ڕەنگە وشەی شەڕ، لە جیاتی ململانێ، یان ناکۆکی، یان کێشە، بە قورس بزانرێو کەسانێك هەبن پێیان وابێ ئەوەی لە نێوان ژن و پیاودا ڕوودەدات شەڕ نییە، ژن و پیاو لە ڕۆژی بوونەوە تا گێتی مابێ پێکەوە دەژین و تەنها ئەوەندەیە ململانێیەك "بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی باوکسالاری لە لایەن پیاوەوەو بەدەستهێنانەوەی مافە مرۆڤایەتییە زەوتکراوەکان لە لایەن ژنەوە" لە ئارادایە، بەڵام من پێم وایە لە هەموو ئەو چەمکانەی وەکو (ناکۆکی، ململانێ، کێشەو چەوساندنەوەو.. هتد) دەربڕینێکی پۆلیتیکیانەن و گوزارە لە هەبوونی شەڕێك دەکەن. ئەوەی لە نێوان ژن و پیاودا ڕوودەدات، شەڕە، بەڵام چەکی قورسی وەکو فڕۆکەو فڕۆکەشکێنی تیا بەکارنابرێ، ئەگەرچی هەندێ جار چەکی سووك و چەکی سپی وەکو خەنجەرو چەقۆشی تیا بەکاربراوە. لە جیهاندا قوربانیەکانی ئەم جەنگە نابەرانبەرە بە سەدان هەزارن، بەڵام هێشتاش ڕادەی زیانی دەروونیو ئابووریو کۆمەڵایەتی لە ئاکامی ئەم جەنگەدا لە زیانی فیزیکی زۆر زیاترن و لە ژمارەو پێوان نایەن. هۆی ئەوەیە من لای خۆمەوە ئەم کێشەیە ناودەنێم شەڕ، ئەم شەڕەش بە هۆی جیاوازی ئامرازە بەکاربراوەکانی ناودەنێم شەڕی سپی.

**پیاوانی ئاشتیخواز لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونیان هەیە، ئەوانە نەك نەبوونەتە تەرەف لەو شەڕەدا، بەڵکە بەشداری لە خەباتی ڕزگاری ژنانیشدا دەکەن، بەڵام لە چاو لێشاوی پەلاماری هێزی دژبەردا، دەنگی بڵندی پیاوانی دەسەڵاتخوازو کۆنپارێز، دەنگەکانی ئەوان کزن و ئاشتی ناتوانێ لە کۆمەڵگەدا بەرقەرار بێ**

پیاوانی ئاشتیخواز لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونیان هەیە، ئەوانە نەك نەبوونەتە تەرەف لەو شەڕەدا، بەڵکە بەشداری لە خەباتی ڕزگاری ژنانیشدا دەکەن، بەڵام لە چاو لێشاوی پەلاماری هێزی دژبەردا، دەنگی بڵندی پیاوانی دەسەڵاتخوازو کۆنپارێز، دەنگەکانی ئەوان کزن و ئاشتی ناتوانێ لە کۆمەڵگەدا بەرقەرار بێ. لەچاو ئەو شەڕە سپییە جیهانگرەدا ئاشتی وەکو خاڵێکی بچوکەو ڕەش دەنوێنێ.

## دەربارەی دەستپێکی ئەم شەڕە

وەك هەموو کێشەکانی دنیا، کێشەی نێوان ژن و پیاویش لە سەرەتادا بە هۆی بەرژەوەندی ئابوریەوە هاتوەتە ئاراوە، بەڵام بە شێوەیەك سادەو ساکار، وەکو ساکاری خودی مرۆڤی دەستپێکی مێژوو، وەك ساکاری و سروشتیبوونی خودی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەم. ئەوسا کە هێشتا هۆشیاری مرۆڤ لە پلەیەکی ساوادا بوو، کە غەریزەکان مرۆڤیان بەڕێوە دەبرد نەك مرۆڤ غەریزەکان، هێمای سەرەتاکانی ئەم شەڕە دەرکەوت. بە پێی هەندێ تیۆری کۆمەڵایەتی، بە ڕای زۆربەی کۆمەڵناس و مێژوونووسان، دابەشکردنی کار زەمینەی بۆ ئەم کێشەیە تەختکرد. مارکس وەکو دیاردەیەکی ئابوری دەڕوانێتە ئەم دابەشکردنە، بەڵام بە پێی دورکهایم "دابەشکردنی کار خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی ئەخلاقیە زیاتر

لەوەی دیاردەیەکی ئابوری بێ"[1]، کاتێ کە بە قۆناغێکی مێژوویی درێژخایەن ڕۆڵی بەرهەمهێنەرو پەیداکەرو نانهێنەر، کە کاری بایەخداری کۆمەڵایەتین، لە ژن سەندرایەوە، لە جێی ئەوە، کاری ناوماڵ، کە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەدا بەبێ بایەخ دانراوە بە هۆی بێداهاتی کارەکەوە، دراوە بە ژن. دروستکردنی منداڵ و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی تایبەتکرا بە ژن، کە ئەگەرچی دەبوایە جێی گرنگییو بایەخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بوایە، بە پێچەوانەوە وەك کارێکی بێبایەخ چاوی لێکراوەو وەکو هۆیەکی بێ پایەکردنی ژن کاری پێکراوەو کراوە بە یەکێك لە ئامرازە کاریگەرەکانی ئەم شەڕە. ئەو ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەش -بە کەمتێڕوانینی ژن- کە لە ئاکامی ئەم دابەشکردنی کارەوە دروستبوو تا ئێستاش برەوی هەیەو لە هەموو جیهاندا بە شێوەو ڕادەی جیاواز پیادە دەکرێت.

ئەوەی مەبەست بێ لەم باسەدا لایەنە مێژوووییەکەی ئەم کێشەیە نیە، بۆیە ناچینە ناو وردەکارییەکانی مێژووی دێرین و لێکدانەوەی بابەتی کێشەکە، کە بێگومان زۆری لەسەر وتراوەو لە ڕوانگەی جیاوازەوە شیکراوەتەوە، ئەوەی مەبەست بێ لێرەدا شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئاکامەکانی ئەم شەڕەیەو کایگەرییە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییەکانێتی لە دنیای ئەمڕۆدا. چونکە ئەو ئامرازانەی ئەمڕۆ لەم شەڕەدا بەکاردەبرێن، جیاوازن لەو ئامرازە ساکارانەی کە لە سەرەتای کێشەکەدا بەکاردەبران. لە دنیای مۆدێرنداو لە ئەنجامی پێشکەوتنە خێراکانی بوارە جیاوازەکانی زانست و تەکنەلۆجیا، لە ئەنجامی بچوکبوونەوەی دنیا بە هۆی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنو تۆڕی ئەلەکترۆنی بۆ گوێزانەوەی هەواڵەکان، بە کورتی بە هۆی پرۆسەی گەردوونیزەکردنەوەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، ئامرازە بەکارهاتوەکانیش لە کێشەکاندا دەگۆڕێنو شێوازەکانی بەرگریو خەباتیش دەبێ بە پێی هەلومەرجی گۆڕانکارییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت.

> **لە ئەنجامی بچوکبوونەوەی دنیا بە هۆی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و تۆڕی ئەلەکترۆنی بۆ گوێزانەوەی هەواڵەکان، بە هۆی پرۆسەی گەردوونیزەکردنەوەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، ئامرازە بەکارهاتوەکانیش لە کێشەکاندا دەگۆڕێن و شێوازەکانی بەرگریو خەباتیش دەبێ بە پێی هەلومەرجی گۆڕانکارییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت**

بەهۆی جیاوازی پلەی پێگەیشتن و هۆشیاری هەر کۆمەڵگەیەك و دوور و نزیکی هەر کۆمەڵگەیەك لەو دەستکەوتە ئابوریو پێشکەوتنە زانستیانەوە کە لە سەرەوە باسکران، هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێتو کێشەی ژنانیش وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە قەوارەی جیاوازدا خۆدەنوێنێت. هۆی ئەوەیە ناتوانرێ بە هەمان پێوەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی هەڵبسەنگێندرێ، یان کۆمەڵگەکانی ئەورووپاو ئەفریقیا، یاخود کۆمەڵگەی کوردو کۆمەڵگاکانی دەوروبەری. ئێمیل دورکهایم جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (کاتێ کۆمەڵگە لە شێوەیەکی ساکاری، نەریتیو جوتیارییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی پیشەسازی دەگۆڕێت، کێشەی ئەخلاقی، یاساییو سیاسی سەرهەڵدەدەن)،

مەبەستی لەوەیە کە ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگەیە، شێوازی جیاوازی کۆمەڵایەتیو سیستەمی ئەخلاقی جیاوازیان هەیە[2]. جگە لە هەندێ پێوەری گشتی، کە بەڵگەنەویستن و بۆ هەموو کۆمەڵگەیەك دەشێ بەکاربرێن، پێوەری تایبەت بە هەر گروپ و کۆمەڵگەیەك هەن، ئەو پێوەرە تایبەتییانەش ڕادەی پێشکەوتنە جۆراوجۆرە ئایینیو یاساییو کۆمەڵایەتیو سیاسی و "بە تایبەتیش" پێشکەوتنی ئابوری دەستنیشانی دەکەن.
پەرەسەندنی ئابوری خۆی لە خۆیدا ڕێگە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیو سیاسی و گۆڕان و نەرمکردنەوەی ڕێسا ئایینیەکانیش خۆش دەکات. هۆی ئەوەیە لەو کۆمەڵگانەی کە گەشەی ئابوری خێرای تیادا ڕوودەدات، ئایینیش تیایدا کراوەتر دەبێت و لە کەنارەوە کاری بێلایەنی خۆی دەکات، سیستەمی سیاسیش تا ڕادەیەکی زۆر دیموکراتیو سیستەمی کۆمەڵایەتیش لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکاندا گەشەدەکات و داب و نەریت و پێوەرە ئەخلاقیە باوەکان بەجێدەهێڵێو شێوازێکی گەشەسەندووی پەیوەندی سەرهەڵدەدات، یاسا جێگەی ڕێساکان دەگرێتەوەو داوەری لە مافی تاك دەکات، تاك دڵنیاترو کۆمەڵگەش کراوەتر دەبێتەوە. ژنانیش لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا بوارێکی فراوانتریان دەبێ بۆ خەبات و ئامرازەکانی خەباتیشیان پێشکەوتووتر دەبێ. لە کۆمەڵگە هەژارەکانیشدا ڕێك بە پێچەوانەوە، ئایین و ڕێساکانی کۆمەڵگە چەسپاو و داخراون، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی سەرەتایی "پریمییتیڤ" دامەزراون، کۆمەڵ بڕیار بۆ تاك دەدات و ڕۆڵی تاك بە تەواوی ون دەبێ، داب و نەریت و ڕێساکانی ئایین زۆر جار لە سەرووی یاساوە دەبینرێن و بەمەش دەسەڵاتی یاسا سنووردار دەبێتەوە. گومانی تێدا نیە کە لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا بوار بۆ تاوانی کۆمەڵایەتی ئاوەڵاترە. لە هەلو مەرجی ژیانی کۆمەڵگەی لەم جۆرەدا ژنان لە بارودۆخێکی سەختداو شێوە ژیانێکی دژوار بەسەر دەبەن، بواری خەبات و داکۆکیکردنیش لە مافەکانی ژنان لەم کۆمەڵگایانەدا کەمن و زۆر جار ئەو داکۆکیکردنە دەکاتە نرخی سەرو لە لایەن سەختگیرەکانی کۆمەڵگەوە ئەو جۆرە ژنانە ئابڵوقەو پەلامار دەدرێن[3].

## شەڕی دەروونی

هەڵاواردن و جیاکاری ژێندەر، کە ئامرازێکی شەڕی دەروونییە زیاتر لەوەی فیزیکی بێت، تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگەی دنیای گرتوەتەو لە تەواوی دیاردەکانداو لە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی تاکەکانیشدا، بە ژن و پیاوەوە دەردەکەوێ.

**هەڵاواردن و جیاکاری ژێندەر، کە ئامرازێکی شەڕی دەروونییە زیاتر لەوەی فیزیکی بێت، تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگەی دنیای گرتوەتەو لە تەواوی دیاردەکانداو لە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی تاکەکانیشدا، بە ژن و پیاوەوە دەردەکەوێ**

ئەو فاکتەرانەی کە لە بناغەوە ڕێگەیان بۆ جیاکاری تەختکردو ڕەوایەتییان دا بە بەرز نرخاندنی کاری پیاو و بە کەم و بێبایەخ نرخاندنی کاری ژن، بوون بە هۆی سەپاندن و

ڕەوایەتی دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا لە مێژووداو هەتا ئەمڕۆش. ئەو هۆکارانەش کە بوونەتە هۆی هێشتنەوەو پاراستنی دەسەڵات بە دەست پیاوەوە بە پلەی یەکەم لە ئابورییەوە سەرچاوە دەگرێ. گروپی دەسەڵاتدار (کە لەم پەیوەندیەدا پیاوانن) ڕاهاتوون هەمیشە دەسەڵاتدار بن، بۆ هێشتنەوەی ئەم دەسەڵاتە هەمیشەیی‌و موتڵەقە، بە هۆشیارییەوە کار بۆ سەپاندنی نەریتی جیاکاری دەکەن لە کۆمەڵگەدا. بۆ سەپاندنی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیەش ئامرازی جۆربەجۆر بەکاردەهێنن. کایگەرترینی ئەو ئامرازانەش.

1-دەوڵەت و سیستەمی سیاسی- کە هەمیشە پیاوان لە چەق و ژنانیان لە کەنارەوەن یان هەر لەو بازنەیەدا ونن.

2-یاسا کە ئامرازێکی گرنگی پاراستنی دەسەڵاتە، لە مێژووداو تا ئەمڕۆش دانەرەکانیان پیاو بوون

3-سیستەمی ئابوری- پاراستنی سەرمایە لە لای گروپی دەسەڵاتدار.

4-ئایین- وەك ئامرازێکی کاریگەر بۆ بە بوکردنی (حەڵاڵکردنی) ئەو نەریتانەی دەسەڵات دەپارێزن و قەدەغەو تابووکردنی (حەرامکردن) ئەو ڕەفتارانەی کە هەڕەشە لە دەسەڵات دەکەن.

5-کولتوور- بە هۆشیارییەوە خۆشکردنی زەمینە بۆ ئەو بەرز تێڕوانین‌و بەندو باوانەی کە بە گروپی دەسەڵاتداردا هەڵدەڵێن، ئەو پووچتێڕوانین و پڕوپاگەندەو هاتوهووتانەی کە گروپی ژێردەسەڵات

**سنوردارکردنی ژن بە هۆی جەستەیەوە، کە تێڕوانینێکی بایۆلۆژی سەپاوە، وەك ئامرازێکی تری ئەو شەڕە بەکاردەبرێ‌و کاریگەری دەروونی لەسەر ژن هەیە**

بە بچوك و کەمتواناو هیچلەبارانەبوو دەنرخێنن.

هۆکانی ڕاگەیاندنی گروپی دەسەڵاتدار بەرنامەدارێژی ئەم تێڕوانینانەن.

جیاکاری ژێندەر، وەکو شەڕێکی دەروونی کاریگەری خۆی لەسەر ژن داناوە. یەکێك لە ترسناکترین کاریگەرییەکانیشی ئەوەیە کە وایان لە خودی ژن کردوە باوەڕ بەوە بێنێ کە ئەو ناتوانێ هاوپلەوپایەی پیاو بێ، بەڵکە پاشکۆی بێ. ئەم کاریگەرییە لە کەسایەتی ژندا بە گشتی بە پلەی جیاواز ڕەنگی داوەتەوە. سنوردارکردنی ژن بە هۆی جەستەیەوە، کە تێڕوانینێکی بایۆلۆژی سەپاوە، وەك ئامرازێکی تری ئەو شەڕە بەکاردەبرێ‌و کاریگەری دەروونی لەسەر ژن هەیە. جەستەی ژن دەگرێ بە بەڵگەی چەوساندنەوەی چونکە لەو جەستەیەدا منداڵدان هەیە، ئەو منداڵدانەش هەموو مانگێ چەند ڕۆژێك لە کاتی مەهەکدا، یان ماوەی سکپڕی نۆ مانگ و ماوەی زەیستانی ماوەیەك ئەم مرۆڤە لە کاری بەرهەمهێنان سست دەبێتەوە یان دوور دەکەوێتەوە. سەپێنەری ئەم تێڕوانینەو کردنی بە باو لەناو کۆمەڵگەدا، کردەی سەرمایەدارانی کۆمەڵگەیە بە مەبەستی هەرزانکردنی کاری ژن، کە ئەمەش نزیکەی لە هەموو جیهاندا مەبەستەکەی پێکاوەو هەقدەست و مووچەو کرێی کاری ژنی لە چاو هی پیاو هەرزانتر کرپوە. ئەو تێڕوانینە بایۆلۆژی‌و ئابورییەی کە بایەخێك بۆ

خودی پرۆسەی (بەرهەمهێنانی مرۆڤی- منداڵبوون) ناهێڵێتەوە، وا لە ژن دەکات خۆیشی باوەڕ بهێنێ بە بێکەڵکی جەستەیو ڕەوایەتی بدا بەو بێمافییەی کە لە ئەنجامی ئەو تێڕوانینەوەو بە هۆی جەستەیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام خودی ئەو باوەڕهێنانەش ئاکامێکی نێگێتیڤی تری دەروونی هەیەو ژن لەناو بازنەی خەمۆکیو هەستکردن بە بێدەرەتانیو بێهودەیی ژیان گیردەکات.

جیاکاری ژێندەر، کە زەمینەی بۆ هەموو جۆرە توندوتیژییەك دژ بە ژنان تەخت کردوە، هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو ئایینیو کولتووری گرتۆتەوە. ئەژمارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان تێشکێك دەخەنە سەر ئەو توندوتیژییانەی کە بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێن. ئەوانەی کە شاراوەن و هیچ تیشکێکیان ناگاتێ گەلێك لەوە زیاترن کە ئاماژەیان پێکراوە. بۆ نمونە لە یەکێك لەو ئەژمارانەدا، کە ساڵی 1999 ئەنجامدراون ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

★ژنان زۆربەی ئەو یەك ملیاردو سێ سەد ملیۆن هەژارەی دنیا پێکدەهێنن.

بەشێکی زۆر کەمی سامانی ئابوری زەوی لە شێوازی دەسەڵات، سەرمایە، بەهرەی ئابوریو تەکنەلۆجی هی ژنن و لە لایەن ژنەوە کۆنترۆڵ دەکرێن

★بەشێکی زۆر کەمی سامانی ئابوری زەوی لە شێوازی دەسەڵات، سەرمایە، بەهرەی ئابوریو تەکنەلۆجی هی ژنن و لە لایەن ژنەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.

★دوو لە سێ بەشی 960 ملیۆن مرۆڤی پێگەیشتوو لە جیهاندا کە نەخوێنەوارن ژنن.

★بە ژنان و کچان مافی سەرەتایی چوونە قوتابخانەیان کەمترەو جیادەکرێنەوە لە زۆربەی خوێندن و کارەکاندا.

★تەنها 10٪ی پەرلەمانتارەکانی دنیا ژنن.

★80٪ی ئەم چەند دەیەیەی دوایی پەناهەندەو هەڵاتووی دنیا ژنانن و منداڵانن.

★ئەو زەبرو زەنگانەی کە تا دێ زۆردارانەتر خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتی لە کاتی شەڕو بارودۆخی نائاساییدا وەکو یۆگوسلافیاو ڕوانداو هتد، لە ژناندا خۆیان دەنوێنن.

★بازرگای بەرفراوانی بە ژنەوەو لەشفرۆشییەوە تا دێ لە زۆربووندایە[4].

بێگومان ئەو خاڵانەی سەرەوە هەموو ستەمەکان نین و زەبروزەنگ و توندوتیژی لە هەموو قوڵەکانی دنیاوە ڕوودەدەن. هەڵبەتە بەرهەڵستیو خەباتی ژنانیش دژ بەم جیاکارییە سیستەماتیکانە بەردەوامەو کەموزۆر بایەخ و ئەنجامیشی بەدەست هێناوە. ئەوەی مەبەستی ئەم باسەیە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو خاڵانەی سەرەوەیەو ئاکامەکانیو کاریگەرییەکانی بۆ سەر ژن چۆن و چەند بوە؟

## جیاکاری سیستماتیکی ژێندەر

ژنان کە زۆربەی هەژارانی دنیا پێکدەهێنن، هۆی ئەوە نیە کە ئەرکیان نەکێشاوەو دوور بوونە لە پرۆسەی کاری بەرهەمهێنان. ژنان دوو لە سێ بەش تا سێ لە چوار بەشی هەموو کاری دنیا

ئەنجام دەدەن. بۆ نمونە: لە ئەفریقیا ژنان 75٪ی هەموو کارەکانی کشتوکاڵ ئەنجام دەدەن، بێجگە لە ئاوهێنان و کۆکردنەوەی سووتەمەنیو گسکدان و، جل شۆرین و چێشتلێنان و منداڵبەخێوکردن. لە ئەوروپا 35٪ی ژنانی هاوسەردار شێوەیەك لە شێوەکانی کاری بێکرێ دەکەن. لە وڵاتە پیشەسازییەکان ژنان نزیکەی 56 کاتژمێر لە هەفتەدا لە ماڵەوە کاردەکەن، جگە لە کاری دەرەوە. لە وڵاتە گەشەسەندوەکاندا ژنان ئێستاش زۆرتری کاتەکانیان بەکاری ماڵ و منداڵبەخێوکردنەوە دەبەنەسەر[5].

نە ژماردنی ئەو کاتە زۆرەی ژن کە لە خزمەتی مێردو منداڵەکانیدا بەسەریدەبات، هەروەها کەمنرخاندنی ئەو وزەو هێزەی کە ڕۆژانە لە کاری دەرەوەدا خەرجی دەکات هۆی نزمبوونی ستاتووی ئابوری ژنە. ئەو ئەرکە زۆرەی کە لە ئەستۆی ژندایە، چ لە کۆمەڵگەی جوتیاریو چ لە کۆمەڵگەی پیشەسازیو مۆدێرندا، شپرزەییەکی دەروونی بۆ ژنان دروستکردوەو دەکات. دەتوانین خەمۆکی بە ئاکامێکی ئەم شپرزەییە دابنێین. ئەمرۆ نەخۆشی خەمۆکی وەکو نەخۆشییەکی ژنان چاویلێدەکرێو دەوترێ ژنان دوو هێندەی پیاوان دەرمانەکانی دژ بە خەمۆکی وەردەگرن و یەك هێندەونیوی پیاوان حەبی خەو و هێمنکەرەوە بەکاردەهێنن[6].

بەهرەی ئابوریو سەرمایە، بێجگە لەوەی ستاتوویەکی ئابوری بۆ تاك

**نە ژماردنی ئەو کاتە زۆرەی ژن کە لە خزمەتی مێردو منداڵەکانیدا بەسەریدەبات، هەروەها کەمنرخاندنی ئەو وزەو هێزەی کە ڕۆژانە لە کاری دەرەوەدا خەرجی دەکات هۆی نزمبوونی ستاتووی ئابوری ژنە**

دابین دەکەن، پێکهێنەرو چەسپێنەری دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتیشن، بێبەهرەبوون لەو دەسەڵاتە، مرۆڤ لە پەراوێزدا دەهێڵێتەوە، واتە پایەنزمی پێ دەبەخشێ. کەمبەهرەوەرگرتنی ژن لە سودو دەستکەوتەکانی زەوی، کە بە ڕەنج و خەباتی خۆیشی پێکهاتوە، ستەمێکی سیستماتیکییە کە بە جیا سیستەمی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی، کە هەموویان لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵات (پیاو)دان، لە ژن دەکرێن. کاریگەری ئەم ستەمانە تەنها هەژاربوون و نەخوێندەواری نیە وەك ئاکامێکی ئابووریو کۆمەڵایەتی، بەڵکە ئاکامی دەروونی ترسناکی ئەو جیاکارییە سیستماتیکە هێشتنەوەی ژن لە بازنەی داخراوی خودو گەشەسەندنی تواناکانێتی. چونکە ژن بە هۆی ئەو سنوردارکردن و ڕەنجکێشانە بێئاکامەی، وابەستەی کەسانی دی دەبێ، بە گوێرەی چاوەڕوانییەکانی ئەویتر دەجوڵێتەوە. دیارە کەسێکیش ئەگەر تەنها بەپێی چاوەڕوانییەکانی ئەویتر بجوڵێتەوە ناتوانێ گەشەبکات و بەرەوپێشەوە هەنگاوی گورج بنێت. وابەستەیەتیو پاشکۆیەتی، کە ئاکامی ئەو ستەمە سیستماتیکیەن، ڕێگە لە گوزارە لە خۆکردنی ژن دەگرێ. "لایەکی گرنگی گوزارە لەخۆکردن ئەوەیە کە هەست بکەی خاوەنی جۆرێ لە جۆرەکانی دەسەڵاتی، یان هەست بکەی کە کەسێکی تایبەتیو ئەم کەسایەتییە تایبەتییەی تۆ گرنگە بۆ ئەوی تر. کە من بزانم خاوەنی نرخ و پایەیەکم، زیاتر دەوێرم

خۆمی ڕاستیو هەستی ڕاستی خۆم دەربڕم"[7]. هۆی ئەوەیە کە ژن بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە دەسەڵاتی موتڵەق هی پیاوانن و کۆنترۆڵی هەنگاوی گەورەو بچوکی ژن دەکەن، ناتوانێ نەك خود تێپەڕێنێ، بەڵکە لە خود نزیك بێتەوە، خود بناسێو بداتە ناساندن. بەو مانایەی کە ناتوانێ خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەتیو بەرجەستەی خۆی بێت.

کۆی پایەی سیاسیو ئابوری یەکسانە بە دەسەڵات. لە ئەنجامی ئەم هاوکێشەیەدا هەرەمێك بۆ ستاتووی مرۆڤەکان دروستدەبێ. تا نزیکتر بن لە دەسەڵاتەوە لە سەرووی هەرەمەکەوە جێدەگرن، تا دوورتربن لە پایینی هەرەمەکەدا دادەنرێن. یەکێك لە شێوەکانی دەسەڵاتی مۆدێرن لە جیهانداو لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا، سیستەمی دەسەڵاتی پەرلەمانتارییە، کە دەسەڵاتی گەل دەگەیەنێ. بە پێی ئەژمارەکانی ساڵی 1999ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە لە سەرەوەشدا ئاماژەمان پێی کردوە، تێکڕای پەرلەمانتارەکانی دنیا دە لەسەد 10٪یان لە ژن پێکهاتوون. واتا ژنان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی 10٪ی گەل دەکەن و پیاوان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی نەوەد لە سەد 90٪ی گەلن. دیارە ئەم ڕێژەیە بۆ خۆی جۆری بڕیاریش دەردەخات، کە لە سیستەمی پەرلەمانتاریدا بڕیاردان بە دەنگدان و لەسەر بناغەی زۆرینەی دەنگ دەدرێت. دووری ژن لە چەقی بازنەی سیاسیو مانەوەی لە دەرەوەی

**دووری ژن لە چەقی بازنەی سیاسیو مانەوەی لە دەرەوەی مەداری دەسەڵات، ستاتوویەکی لاوازی لە پایینی هەرەمەکەوە پێبەخشیوە**

مەداری دەسەڵات، ستاتوویەکی لاوازی لە پایینی هەرەمەکەوە پێبەخشیوە. گروپی بڕیاردەرو دەسەڵاتبەدەست یاسادارێژەرن. بە هۆی دووری ژن لەو ناوەندە هەستیارە یاسا دارێژراوەکان ڕای ژنی تێدا نەبوەو گومانیش لەوەدا نیە کە ژنی هۆشیار خۆی دەتوانێ بە باشترین شێوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ژن بکات. لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ژنان (بە تایبەتی لە وڵاتانی نەریتیو داخراودا) سیاسەت بە نەریتێکی پیاوانە دابنێن و ئارەزوویان لێی نەبێ. پیاوانیش بە مافێکی ڕەوای هەتاهەتایی خۆیانی بزانن کە ئەوان بەڕێوەبەری کۆمەڵگەو چارەنووسی کۆمەڵگە بن. تا ئەو ڕادەیەی ببێ بە سروشتی ژنان کە خوازیاری دەسەڵات نەبن و سروشتی پیاوان کە چێژ لە دەسەڵات وەربگرن. هەر بە هەمان شێوەش، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، لەناو خێزانیشدا وا دەسەپێ کە بڕیاری چارەنووسسازانەیخێزان پیاو بیدا نەك ژن.

لە بواری کاری سیاسیو نزیکبوونەوە لە دەسەڵات، لەم چەند دەیەی دواییدا، لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا، نمونەی فینلەندا، سوێد، نەرویج و دانمارك هەنگاوی زۆر گرنگ نراون و تا ڕادەی گەیشتن بە نیوەی دەسەڵات و وەرگرتنی پۆستی گرنگ و هەستیاری دەوڵەت، بەڵام کە بە شێوەی تێکڕاییو لەسەر ئاستی جیهان تێی بڕوانرێ، ژنان هێشتا زۆر دوورن لەو ناوەندە.

## ژن، لە کات و شوێنە نائاساییەکاندا

لەم جیهانەی ئێمەدا، هاوکێشەی بەرژەوەندیو پاراستنی دەسەڵات، یان فراوانخوازیو سەپاندنی هێز، لە تەرازوی لۆژیکدا تای شەڕی قورس و تای ئاشتی سوك کردوە. مەنتیقی شەڕی بەسەر هی ئاشتیدا زاڵ کردوە. نزیکەی لە هەموو کات و شوێنێکدا، لەو شەڕانەی کە هەڵدەگیرسێن ژنان و منداڵان تێوە دەگلێن و دەبنە ئەو قوربانیانەی کە نە ڕاستەوخۆو نەش ناڕاستەوخۆ بەشداری ئەو شەڕانە بوون، نەش بڕیاریان بۆی داوە. لە ئاکامی ئەو شەڕانەدا، ژنان و منداڵان کە هاوڵاتی سیڤیلن (مەدەنی)، زیانی زۆریان بەردەکەویو ئاکامی کۆمەڵایەتیو ئابوریو دەروونی شەڕەکان زیاتر کار لەمان دەکەن. لە شەڕە مۆدێرنەکاندا هاوڵاتی سیڤیل زیاتر لە هی بەشدارانی ڕاستەوخۆو سەربازی زیانمەند دەبن. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە: لە دوای شەڕی جیهانی دوەمەوە، واتە دوای ساڵی 1945، زیاتر لە 150 شەڕی تر لە جیهاندا هەڵگیرساوە، کە 20 ملیۆن مرۆڤ بوونەتە قوربانی ڕاستەوخۆو کوژراون. لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن لە شەڕە مۆدێرنەکاندا بەشی هەرە زۆری قوربانیەکان ژن و منداڵن.

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕێژەی قوربانیە سیڤیلەکان تەنها 5٪ بوو.
لە شەڕی دوەمدا گەیشتە 50٪.

**لەو شەڕانەی کە هەڵدەگیرسێن ژنان و منداڵان تێوە دەگلێن و دەبنە ئەو قوربانیانەی کە نە ڕاستەوخۆو نەش ناڕاستەوخۆ بەشداری ئەو شەڕانە بوون، نەش بڕیاریان بۆی داوە**

لە شەڕی ڤێتنامدا ئەم ڕێژەیە بەرز بوەوە بۆ 80٪.
لە شەڕی لوبناندا گەیشتە 90٪.
لە ساڵی 1986دا شەڕ لە نێوان 30 تا و 40 دەوڵەتدا هەڵگیرسابوو.
70 ملیۆن کەس ڕاستەوخۆ بەو شەڕانەوە گلان. کە 25 ملیۆنیان سەربازی ڕاستەوخۆ بوون[8].

لە کوردستانیشدا، سیاسەتی ئەنفالکردن نمونەیەکی زەق و بەرچاوییە، کە ژنان و منداڵەکان بوون بە ئامانجی پەلامارەکان و ئاکامەکانی تا ڕۆژگارێکی درەنگتری داهاتوو ڕەنگدەداتەوە، (کە لە باسێکی تری تایبەتدا، کێشەی ئەنفال و ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی، باس دەکەین).

## بە کاڵابوونی جەستەی ژن و کۆمەڵگەی نوێ

سەد ساڵی ڕابردوو، داهێنانە مەزنو زۆرەکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیاو بە تایبەتی لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، کە پرۆسەی گلوبالیزە (بەجیهانیکردن) گەیشتە لوتکە، گۆڕانکاری خێراو مەزن و سەیریش لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا ڕوویدا. گۆڕانکارییە مادییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان کردە سەر سروشتی مرۆڤ و جەستەو دەروونی مرۆڤی کۆمەڵگەی نوێ.

جۆرج سیمیل نزیکەی سەدەیەك پێش ئەمڕۆ، لە بارەی کۆمەڵگەی نوێ، لە وتاری فەلسەفەی پارە

(9)-The Philosopfy of monoy-دا، باس له کاریگەری هەڵامسانی ئابوری له شێوەگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات. به پێی سیمیل، پەرەسەندنی ئابوری کۆمەڵگەی نوێ دەبێتە هۆی تادێ زیاتر بەشتبوونی مرۆڤ. مرۆڤ هەروەکو شت دەنرخێندرێ‌و ئەم پرۆسەیەش هەڕەشە له ژیانی زاتی مرۆڤ دەکات و کۆمەڵگە بەرەو بێرۆحی دەبات. به پێی سیمیل گەشەسەندنی کولتووری مرۆڤ. خودی ئەو گەشەسەندنەش مرۆڤ له کولتوورەکەی نامۆدەکات. سەبارەت به ژیانی مرۆڤی کۆمەڵگەی نوێ له شاره گەورەکان، سیمیل باس له نامۆبوون و لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ دەکات. مەسرەفکردن و پەرستنی شت دەبێتە ڕێڕەوی ژیان.

ئەمڕۆ، فەلسەفەی پارەو هەوڵی گەشەدان به ئابوری، پێشبڕکێی خێرای نێوان کیشوەرەکانی دنیا بۆ پێشەوایەتی ئابوری له لوتکەدایە. ئاکامی ئەم پێشبڕکێیەش داهێنانی خێراو گۆڕانکاری خێرایە له سەرجەم بوارەکاندا. له هاوکێشەی نێوان مرۆڤ و شتدا، تای شت قورستر دەبێتەوە. ئامێر (شت)، جێگه به مرۆڤ چۆڵ دەکات، تا ئەو ڕادەیەی به پێی بۆچوونی هەندێ کۆمەڵناسی نوێ "شت له مرۆڤ بەهێزترە"، یان "مرۆڤ پاشکۆیەکی شتە"[10].

لەم پەیوەندییەدا ژن، که پێشتریش باسمانکرد، به هۆی بێبایەخکردنی کارو ئەرکەکانیەوە له تێڕوانینی

> **بازرگانیکردن به مرۆڤ و به تایبەتی به ژن تادێ به گەشەسەندنی فەلسەفەی پاره گەشەدەستێنێ. بازرگانی به ژنەوه یەکێکه له خەتەرترین ئامرازەکانی "شەڕی هەمیشەیی دژ به ژنان"**

بایۆلۆژیکیانەی دنیا بۆ جەستەی، زیاتر لەبار دەبێ بۆ بەشتبوون وەك له پیاو. کەمتر بایەخ به هێزی مێشکی‌و زیاتر بایەخ دەدرێتە جەستەی. بایەخدان به جەستەی ژن، نەك له پێناوی خودی جەستەی ژن، بەڵکه له پێناوی سەرفکردنی کاڵا. دیاردەی به کاڵابوونی جەستەی ژن له کۆمەڵگەی نوێدا، دەتوانرێ له هەموو کات و شوێنێکدا ببینرێ‌و ببیسترێ‌و هەستی پێ بکرێ. له ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، له کەناڵە ئاسمانی‌و زەمینیه زۆرو هەمیشەییەکانی تەلەفزیۆندا، له ڕیکلامی سەر جادەو ناو پاس، ترێن و... هتد. بۆ نمونه بۆ ژنێکی ڕووت ڕیکلام کۆمپیوتەرێك، جانتایەك، ماشێنێك یان هەر شتێکی تر دەکات.

له کۆمەڵگەی نوێدا توانراوه کۆنترۆڵی هەموو شتێکی مرۆڤ بکرێ بێجگه له غەریزەی سێکسی. بۆ بزواندنی ئەم غەریزەیەو له پێناوی سەرفکردنی کاڵاکاندا، ڕیکلامی ئێرۆتیکی به جەستەی ژنەوه کاڵاکانیان بۆ دەگۆڕێ به پاره. بازرگانیکردن به مرۆڤ و به تایبەتی به ژن تادێ به گەشەسەندنی فەلسەفەی پاره گەشەدەستێنێ. بازرگانی به ژنەوه یەکێکه له خەتەرترین ئامرازەکانی "شەڕی هەمیشەیی دژ به ژنان".

## خۆناسین و خۆسەلماندن

کۆمەڵێ پێویستی ڕەمەکی هەن که دەبێ مرۆڤیان لێ تێربێ تا بتوانن گەشه به بوون و کەسایەتی خۆیان بدەن.

هەندێك لەو پێویستییانە ئاسانن بەدەستبخرێن و هەندێکی تریان پێویست بە تێکۆشانێکی بێئەندازە دەکات بۆ وەدەستهێنانیان. پێویستییە ڕەمەکییەکان بە پێی دەروونناسی مرۆڤایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە لە نزمەوە بۆ بڵند ڕیزدەکرێن:

1-پێویستییە فیزیکییەکان: خواردن، خواردنەوە، گەرمی، نوستن، سێکس..

2-پێویستی دڵنیایی و ئاسایش و سەقامگیریی..

3-پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان: خۆشەویستی، پێکەوەژیان، پایەی کۆمەڵایەتی..

4-ڕێزلەخۆگرتن: توانای بڕیاردان، زانیاریو توانای عەقڵی..

5-پێویستی خۆسەلماندن لە ئەنجامی ئەوەی داهێنەرانە ئاواتەکانی بەدیبهێنێ..

بە پێی ماسلۆ، هەتا مرۆڤ لە پێویستییە نزمەکان (خاڵی یەکەم و دوەم و سێیەم) تێر نەبووبێ، ناتوانێ بە دوای پێویستییە بڵندەکاندا (خاڵی چوارەم و پێنجەم) بگەڕێو تێریان کات. تێرکردنی پێویستییە نزمەکان مرۆ لە نەخۆشی دووردەخاتەوە، بەڵام تێرکردنی پێویستییە بڵندەکان یارمەتی گەشەسەندنی کەسایەتیو تەندروستی دەروونی دەدەن. پێویستییە نزمەکان لای هەمووان چوونیەکن، بەڵام پێویستییە بڵندەکان تایبەتن بە تاکەوە[12].

ژنانی کۆمەڵگەی جیاواز لە تێرکردنی پێویستییە نزمەکاندا، بە تایبەتی پێویستییە فیزیکییەکان جیاوازن. ژنانی جیهانی یەکەم لەم بارەیەوە لە ژنانی جیهانی دوو و سێ جیاوازن. ژنانی جیهانی سێ بۆ تێرکردنی پێویستییە فیزیکییەکانیش هێشتا کێشەیان هەیەو بیریان لە پێویستییە بڵندەکان نەکردۆتەوە. ژنانی جیهانی یەك، لە ڕووی تێرکردنی پێویستییە فیزیکییەکانەوە ئاسوودەترن، بەڵام پێویستییە بڵندەکانیان وەك پێویست تێر نەکردوە.

> **بەڵگەنەویستە ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێ ناترسێ، ئەگەر نەترسێ دەوێرێ بڕیار بدات، هەر بڕیارێك هەنگاوێك لەسەلماندنی خود نزیکی دەخاتەوە. کۆی ئەو بڕیارانەی کە بە تەواوی ئازادییەوە لە ژیاندا دەیدات کەسایەتی ئەو بە دەوروبەرەکەی دەناسێنێ**

هەبوونی دڵنیایی و ئاسایش و سەقامگیرییەکی دەروونی پێویستییەکی سەرەتایی مرۆڤە، مرۆڤ کاتێ هەست بە دڵنیایی دەکات کە لە ڕووی فیزیکیو دەروونییەوە ئازاد بێت و (ترس)ی نەبێت. بەڵگەنەویستە ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێ ناترسێ، ئەگەر نەترسێ دەوێرێ بڕیار بدات، هەر بڕیارێك هەنگاوێك لە سەلماندنی خود نزیکی دەخاتەوە. کۆی ئەو بڕیارانەی کە بە تەواوی ئازادییەوە لە ژیاندا دەیدات کەسایەتی ئەو بە دەوروبەرەکەی دەناسێنێ. مرۆڤ تا نەتوانێ لە خۆی بگات، ناتوانێ خۆی بەویتر بناسێنێ. لەخودحاڵیبوون، یان خۆناسین مەرجی سەرەکی سەقامگیربوونی کەسایەتی تاکە لەناو کۆمەڵدا. مرۆڤ کاتێ دەتوانێ خۆی بناسێ، کە (من)ی لە گرێو شەرم و ترس ڕەهاکردبێ. جوڵانەوەکانی بە شێوەیەکی ئاسایو بە پێی بڕیاری عەقڵی خۆی بێ.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ، ژن بە گشتی لە بەرامبەر پرسیاری فەلسەفی ژیان (من کێم؟)دا، هەڵوێستی چۆن بوە؟ یان بە شێوەیەکی تر، ئایا ژن خۆی ناسیوە؟

کە چاو بە مێژووی جیهاندا بگێڕین ناوی هەزاران ژنی خۆسەلماندوو لە بورە جیاجیاکانی زانست و هونەرو ئەدەب و وێژە دەبینین. بەرامبەر بەمانیش ژمارەیەکی زۆر گەورەتر، دەتوانین بڵێین هەزاران هێندەی ئەو ژمارەیە پیاوانی زاناو نووسەرو هونەرمەندو.. هتد، کە خاوەنی داهێنانی مەزنن و ناویان لە مێژوودا پرشنگدارە، کە سەرنجی بەڕێوەبەرایەتیو کارگەو کۆمپانیاکان بدەین (لە ڕۆژئاوا)[13] بە دەگمەن ژنان لە ڕۆڵی بەڕێوەبەرو سەرۆکی ئەو شوێنانە دەبینین. تا ئەمڕۆش دابەشکردنی کار بە پێی ڕەگەزی مرۆڤ لە ئارادایە، جگە لەو کارانەی کە تایبەتکراوە بە ژنەوە، سەرۆکایەتی هیچ بەشێکی کارگەو کۆمپانیاو دەزگایەکی گرنگ نادرێ بە ژن.

مەرجی سەرەکی لە کەسایەتی ئەو مرۆڤەی کە بە کاری سەرۆکایەتی هەڵدەستێ توانای کاریگەرێتییە. کەسێ بۆ ئەوەی کاریگەر بێ دەبێ باوەڕی بە خۆی بێو خۆی ناسیبێ، بۆ ئەوەی باوەڕی ئەوانی تر بباتەوەو توانای ناسین و تێگەیشتنی ئەوانی تریشی هەبێ. مەرجێکی تر بۆ کەسایەتی سەرۆك توانای بڕیاردانە، کە ئەویش پەیوەندی بە خۆناسین و باوەڕبەخۆبوونی ئەو مرۆڤەوە هەیە.

لێرەدا پرسیارێك
خۆی دەسەپێنێ،
ژن بە گشتی
لە بەرامبەر پرسیاری
فەلسەفی ژیان
(من کێم؟)دا،
هەڵوێستی چۆن بوە؟
یان بە شێوەیەکی تر،
ئایا ژن خۆی ناسیوە؟

دوو هۆی ئامادە هەیە کە ژنی لە ڕۆڵی سەرۆکایەتیو بەڕێوەبەرایەتی دوورخستۆتەوە:

یەکەمیان: بە پێی نەریتی پیاو، کاری سەرۆکایەتیو بەڕێوەبردن و ئۆرگانیزە تایبەتن بەوەوە. ئامادەنەبوونی پیاو بۆ هەزمکردنی پێچەوانەی ئەو نەریتە باوو سەپاوەی کە مێژوویەکی درێژی بەڕێخستوەو کردوویەتی بە ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی لە هەموو جیهاندا.

دوەمیان: ترسی ژن لە نزیکبوونەوەی ئەو شوێنانەی کە بەرپرسیارێتی گەورەی دەخاتە ئەستۆ. سڵکردنەوەی ژن لە بڕیاردانی چارەنووسسازانەو ترسانی لە شکست. هۆی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ بەخۆ نەبوون.

یەکێك لە ئاکامە هەرە نێگێتیڤەکانی شەڕی دژ بە ژنان ئەو کاریگەرییەیە کە سروشتی ژنی گۆڕیوە. ژن کە لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئەندامێکی چالاك و بەرهەمهێنەرو خوڵقێنەر بوو. لە ناوەندی خێزان و کۆمەڵگەدا ڕۆڵی دەبینی. سەرداری خێزان و کۆمەڵگە بوو. بە تێپەڕبوونی قۆناغی جیاجیای کۆمەڵایەتیو ئابوری، پرۆسەی بە کۆیلەکردنی ژن گۆڕانکاری بەسەر سروشت و کەسایەتی ژندا هێنا، کە باس لە ئەمڕۆی ژن بکرێ، ئەو سروشت و کەسایەتییە خۆی دەنوێنی کە لە سەرەوەدا باسمان کرد. کە ژن

توانای بڕیاردانی لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا کەمەو هێشتا وەك پێویست خۆی نەسەلماندوە.

یەکێك لەو هۆیانەی کە ڕێگەیان لە گەشەسەندنی کەسایەتی ژن گرتبێ، ئەو چاوەڕوانیەی کۆمەڵگەیە بۆ ڕەفتارو گوفتاری تایبەتی ژن. چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنوردار هەن بۆ چالاکیو ڕەفتاری ژن، چاوەڕوان دەکرێت تەنها لەو چوارچێوەیەدا ببینرێن. کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ئەو پێوانەیەدا ژن ئابلۆقە دەدات کە خۆی بۆی داناوە. ژنیش لەلای مەبەست بوە کە لە لایەن ئەویترەوە (کۆمەڵگە)وە پەسەندکراو بێت. بۆ ئەوەی خۆشبویستریو ڕێزی لێبگیردرێ. سەرنجی داوە چی لە لایەن کۆمەڵگەوە بە پەسەند دەزانرێ، بە پێی چاوەڕوانی کۆمەڵگە ڕەفتارەکانی شێوەیان گرتوە. تا ئەو ڕادەیەی کە شێوەگرتنی ڕەفتاری بە تێپەڕبوونی کات بوە بە سروشتێکی تایبەت بە ژن.

ژن لە ئەنجامی گەڕانیدا بە دوای پەسەندبوون، دەستی لە زۆر هەست و بیرو ئارەزو و ڕەفتاری خۆی هەڵگرتوە، کە ئەو هەست و بیرو ئارەزووانە گرنگ بوون بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی. ئەو هەست و بیرو ئارەزووە فەرامۆشکراوانە لە هۆشی ناوەکیدا پەنگیان خواردۆتەوەو لە ئاکامدا (من)ێکی بەرتەسك و سنورداریان بۆی دروستکردووە.

**یەکێك لەو هۆیانەی کە ڕێگەیان لە گەشەسەندنی کەسایەتی ژن گرتبێ، ئەو چاوەڕوانیەی کۆمەڵگەیە بۆ ڕەفتارو گوفتاری تایبەتی ژن**

بە پێی کارڵ ڕووگەرس: "ئەو ئەزموون و هەستانەی کە لەگەڵ تێگەیشتنی (من)دا وێك ناکەونەوەو نکۆڵییان لێ دەکرێت، لە نەستدا، جێدەگرن، لە هۆشدا بە شێوەی نائاسایی دەردەکەون"[14].

دەروونناسی کۆمەڵایەتی هانا هاڤیند دەڵێ: "مرۆڤ لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەیاندا بڕیاردەدەن ژێندەر چۆن و بە کام شێوە ڕۆڵ ببینێ"[15].

کۆمەڵگە پێشوەخت بڕیاری بۆ ڕەفتاری ژن و پیاو داوە. جۆرە چاوەڕوانیەکی بۆ ڕەفتارو گوفتاری پیاو هەیە جیاوازە لە هی ژن. کۆمەڵگە لە چاوەڕوانی پیاوی بەهێز، توندوتیژ، بڕیاردەر، کارامەو ژنی جوان و نەرم و لاوازە. ڕەفتارە پێشوەخت بڕیار بۆدراوەکانی ژنان و پیاوان ناچار دەکەن دەست لە (من)ی خۆیان هەڵگرن و کەسە چاوەڕوانکراوەکە لە خۆیاندا بەرجەستەکەن. ئاکامی ئەم خۆنەبوونەش لە مێژووداو لە واقیعدا بۆ ژن بە پێچەوانەی پیاوان بە نێگەتیف کەوتۆتەوە. ئەو ئەندێشە هەمیشەییەی بۆ دروستکردووە کە ناتوانێ (من)ی خۆی لەو کەسە چاوەڕوانکراوەی کۆمەڵگە ئازادکات کە ڕێگەی لە گەشەسەندنی کەسایەتی ڕاستەقینەی گرتووە. ناتوانێ بە (من)ی ڕاستەقینەی خۆیەوە خۆی بنوێنێ، (من)ی ساختە فەرامۆش بکات. لێرەوە کێشەی کەسایەتی ژن سەرچاوەی گرتووە.

## شەڕی ژنان دژ بە خۆیان

وێڕای هەموو هۆکارە دەرەکیەکان و ڕژێمی باوکسالاریو هالاواردن و ستەمی سیستماتیکی کۆمەڵگە بۆ ژنان، هۆیەکی ترسناك بۆ چەقینی کێشەی ژنان وەك پێویست بە ئامانج نەگەیشتنی بزوتنەوەکانی ژنان شەڕی تایبەتی ژنان خۆیانە دژ بە خۆیان. ئەمڕۆ ئامرازی زۆر کاریگەرو بارودۆخی گونجاو و لەبار هەن ژنان بتوانن بەهرەی لێوەربگرن و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بێنن. سەدەی بیست بواری فراوانتر لە سەدەکانی ڕابردووی تێدا بوو بۆ ژنان. وا پێشبینیدەکرێ سەدەی بیست و یەك بوارەکانی ئاوەڵاتربن و ژنان گەر بیانەوێ دەتوانن ئاسانتر پرۆسەی خۆسەلماندن پیادە بکەن.

ڕاستە ئەمڕۆ زۆر لە ژنان لە بازاڕی کاردان، لە بواری زانست و داهێنانی جۆراوجۆردا کاردەکەن. لە حکومەت و پەرلەماندا، لە نزیکەی هەموو بوارە مەدەنیەکاندا کاردەکەن. ئەگەر ڕووکەش بڕوانینە بارودۆخی ژیانی ژنی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا جۆرە ئازادییەکمان بەرچاودەکەوێ لە کەسایەتی ژندا کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ ژنانی کۆمەڵگە نەریتییەکان، بۆ نموونە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە کێشەی ژن تیایاندا گەیشتووەتە خاڵی بنبەست. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا ژنان خاوەنی هیچ جۆرە ئازادییەك نین. لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا ژنان خاوەنی ئازادییەکی دەرەوەیین،

> **وێڕای هەموو هۆکارە دەرەکیەکان و ڕژێمی باوکسالاریو هالاواردن و ستەمی سیستماتیکی کۆمەڵگە بۆ ژنان، هۆیەکی ترسناك بۆ چەقینی کێشەی ژنان وەك پێویست بە ئامانج نەگەیشتنی بزوتنەوەکانی ژنان شەڕی تایبەتی ژنان خۆیانە دژ بە خۆیان**

بەڵام لە ناوەوەی خۆیاندا هێشتا ئازاد نین. ئەو تەوقی ترسەی بە درێژایی مێژوو لە ئەستۆی ژن بووە، لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگەدا ژنان نەیانتوانیووە بەسەریدا زاڵ ببن و ناوەوەی خۆیان (دەروونیان) ئازاد بکەن. بەسەر ئەو هەستی لاوازییە وەهمییەدا زاڵ ببن کە کۆمەڵگە بۆی داتاشیوون. هێشتا ئەو یاخیبوونە پۆزەتیڤە چارەنووسسازەی کە کەسایەتی ئەو دەکاتە بڕیاردەر لە دەروونیدا بەرجەستە نەبووە.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە بوار هەیەو ژنان پاسیڤن لە بونیادنانی کەسایەتییەکی بڕیاردەر بۆ خۆیان، جگە لەوەی خۆیان دەبنە ئامرازێکی شەڕ دژ بە خۆیان هیچی تر ناگەیەنێ. هەزاران هەزار ژن لە کۆمەڵگەی نوێدا بە شێوەی جیاواز ڕۆڵ دەبینن لە بەشتکردنی جەستەی خۆیان. جیاکردنەوەی ڕۆح لە جەستە، بەکرێدانی جەستە بە دەزگایەکی ڕیکلام، یان بازرگانێکی سێکس لە کۆمەڵگەی نوێدا تەنها هۆیەکەی ناگەڕێتەوە بۆ هەژاری ئەو ژنانەی کە جەستەیان بە کرێ دەدەن. زۆربەی جار ئەو ژنانە بە تەواوی ئاگاییەوە ئەو کارە دەکەن، دەشزانن بەو کارە ڕۆحی خۆیان ون دەکەن و جەستەشیان دەبێ بە شتێك وەك ئەو شتانەی کە ریکلامی بۆ دەکەن.

شەڕی ژنان دژ بە خۆیان لە زۆر سیماو دیاردەی تری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ. کە ژن بۆ خۆی دەبێتە جێبەجێکەری ئەو یاسایانەی کە

کۆمەڵگەی باوکسالاری دەیسەپێنێ. بۆ نموونە ڕێگرتنی ژن (دایك) لە ژن (کچەکەی خۆی) لە هەڵسوکەوتی ئازاددا بوونی ژنە بە ئامرازی شەڕی دژ بە خۆی. نموونەی تری لەم بابەتە زۆرن و لە ڕەفتاری ڕۆژانەی زۆر لە ژناندا دەردەکەون. حەزکردن بە پاشکۆیەتی پیاوو هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی، پیشاندانی ئارەزوویەکی هەمیشەیی بۆ بەرگریو پاراستنیان لە لایەن پیاوەوە، حەزکردن بە دەسەڵاتی پیاو، ترسان لەبەرپرسیارێتیو.. هتد، هەموویان ژن دەکەن بە ئامرازی دژایەتیکردنی خۆی.

## ژنی کوردو قەیرانەکانی

هەموو ئەو ستەمانەی کە تا ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسیان لێوەکرا ژنی کوردیش دەگرێتەوەو نامەوێ دووبارەیان بکەمەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا جۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیو پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە هۆی باری ئابووریو کولتووریو ئایینییەوە جیاوازە. لەم کۆمەڵگایانەدا وەك لە سەرەتای ئەم باسەشدا ئاماژەم پێکرد ژنان لە ڕیزی پێشەوەی بەرەی شەڕدان و زۆرترین زیانی جەستەیی و دەروونییان لێ دەکەوێ. لەو کۆمەڵگە نەریتییانەدا کە کوردستانیش دەگرێتەوە سترکتورێکی سەربازی لە شێوەی دەسەڵاتی خێزان و کۆمەڵگەو دەوڵەتدا دەبینرێ. شێوەی پەیوەندییەکان فیودالیو کۆنسێرڤاتیڤن.

**شەڕی ژنان دژ بە خۆیان لە زۆر سیماو دیاردەی تری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ. کە ژن بۆ خۆی دەبێتە جێبەجێکەری ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵگەی باوکسالاری دەیسەپێنێ. بۆ نموونە ڕێگرتنی ژن (دایك) لە ژن (کچەکەی خۆی) لە هەڵسوکەوتی ئازاددا بوونی ژنە بە ئامرازی شەڕی دژ بە خۆی**

نابێ باس لە کێشەی ژنی کورد بکەین و ڕووبەڕووی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کورد نەبینەوە. کۆمەڵگەی کورد تایبەت و جیاوازە، بەڵام جەستەیەکی غەریب نییە لەناو کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکە بە هۆی کۆلۆنی بوونییەوە ئاوێتەیەکی کولتووری بۆ پێکهاتووە، تێکەڵاوییەك لە کولتووری عەرەب و تورك و فارس، سەرەڕای تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆی.

لە باسکردنی کۆمەڵگەی کورددا، دەبێ ئەوەمان هەمیشە لە یاد بێ کە باس لە کۆمەڵگەی میللەتێکی ژێردەست و ناسەربەخۆ دەکەین. خودی وشەکانی ژێردەست و ناسەربەخۆ ئاماژەن بە هەبوونی کەموکوڕییەك لەو کۆمەڵگەیەدا. لە بارودۆخی کۆمەڵگەیەکی وادا مرۆڤەکان تێکڕا نائازادو بێناسنامەن. پیاو لە کۆمەڵگەی کورددا بە گشتی خاوەنی کەسایەتییەکی بڕیاردەر نەبوە لە کۆمەڵگەداو ئەو مافەی لە لایەن داگیرکەرانی کۆمەڵگەکەیەوە لێ زەوت کراوە. لە قەرەبووی ئەو بێمافییەی کە دەبووایە هەیبێ بۆ بڕیاردان لە کۆمەڵگەداو سەردارێتی کۆمەڵگەکەی خۆی وەك هەموو پیاوانی کۆمەڵگەکانی دەوروبەری (کە کۆمەڵگەی پیاوسالارین)، قورسایی خستوەتە سەر خێزان و سەردارێتییەکی موتڵەق لە ماڵەوە دەکات. ماڵەوە بۆ پیاوی کورد تەنها ئەڵتەرناتیف بووە کە ڕۆڵی دەسەڵاتدارێتی تیا پیادە بکات و ژن و منداڵەکانی بکات بە ڕەعیەتێکی

بێدەسەڵات و فەرمان و بڕیارەکانی خۆی لەسەر ئەوان پیادە بکات (تەنانەت زۆرجار مافی بڕیاردانی لە خێزانیشدا لێسەندراوەتەوە لە لایەن داگیرکەرانەوە). لە خێزانیشدا ستاتووی کوڕ بەرزترە، چونکە جێگرەوەو سێبەری باوکە. ئەم خەسڵەتە لە کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، بەڵام بە هۆی باری تایبەتی کۆمەڵگەی کورد زەق و بەرچاوترن. بەڵگەیەکی بەرچاو بۆ سەلماندنی بێدەسەڵاتکردنی پیاو لە کۆمەڵگەی کورددا هێرشەکانی ئەنفالە، کە لە ساڵی 1988 ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستانی کرد. لەو هێرشانەدا هەزاران خێزانی کورد گوێزرانەوە زیندانەکانی خوارووی عێراق و بە تایبەتیش زیندانی بەدناوی (نوگرەسەلمان)، لەوێدا بە بەرچاوی پیاوانی کوردەوە ژن و کچەکانیان لاقە کران و کوڕو لاوەکان فەلاقەکراون. پیاوانی ئەنفالکراو پێش کوشتنیان لە ڕووی فیزیکییەوە، لە ڕووی دەروونییەوە بە هۆی ئەو هەستە تاڵەی کە بێدەسەڵاتی دەیبەخشێ بە مرۆڤ کوژراون. (دیارە کارەساتی ئەنفال بۆ خۆی بابەتی زۆر لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییە لە داهاتوودا بە تایبەتی لێیان دەکۆڵینەوە).

کە باس لە کێشەی ژنی کورد دەکەین، بێگومان کێشەی ژن پەیوەندی بە سیستەمی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە هەیەو پەیوەندیەکی

> **مرۆڤ کە ڕووبەڕووی هەر ستەم و کارو ڕەفتارێکی نائاسایی دەبێتەوە ئۆتۆماتیك بەرگری لە خۆی دەکات، ئەمەش لە دەروونناسیدا پێی دەوترێ -میکانیزمی بەرگری- و مرۆڤ میکانیزمی جۆراوجۆر دەخاتەکار بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی ئەو کارانەی کە قابیلی قبووڵکردن نین**

بناغەییشی بە پیاوەوە هەیە. دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ باس لە پیاوی کۆمەڵگەیەکی نائاسایی دەکەین. لە کۆمەڵگەی نائاسایشدا ژنان بارگرانترن. لە کۆمەڵگەی کورددا ژنان زەبری هەمەچەشنیان بەردەکەوێ، چ لە لایەن داگیرکەرەوە، چ بە هۆی باری نائاسایشی وڵاتەوە، چ لە بارەی باری ناسەقامگیری سیاسییەوەو هەبوونی شەڕەوە، چ بە هۆی باری دواکەوتووی کۆمەڵگەو هەبوونی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو هەژاریو نەخوێندەواریی‌و ناتەندروستبوونی کۆمەڵگە، یاخود ستەمی لە لایەن پیاوەوە ئاڕاستەکراو، کە بۆ خۆشیان مرۆڤی ستەملێکراون.

## میکانیزمی بەرگری ژن و پیاوی کورد

مرۆڤ کە ڕووبەڕووی هەر ستەم و کارو ڕەفتارێکی نائاسایی دەبێتەوە ئۆتۆماتیك بەرگری لە خۆی دەکات، ئەمەش لە دەروونناسیدا پێی دەوترێ - میکانیزمی بەرگری- و مرۆڤ میکانیزمی جۆراوجۆر دەخاتەکار بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی ئەو کارانەی کە قابیلی قبووڵکردن نین، بەڵام میکانیزمی بەرگری پاراستنێکی هەمیشەیی‌و بنەڕەتی‌و ڕاستی نیە بۆ مرۆڤ دژی هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵکە تەنها دڵنیاییەکی کاتی‌و ساختەیەو زۆر جار بە هۆیەوە نەخۆشییە دەروونییەکانی وەکو خەمۆکی‌و شێرزەیی‌و هێستریا ڕوودەدەن.

جۆرەکانی میکانیزمی بەرگری زۆرن، لەوانە:

1-چەپاندن: بناغەییترین جۆری میکانیزمی بەرگرییە، ئاسانترین شێوەکانیشیەتیو مرۆڤ زیاتر ڕووی تێدەکات. کاتێ مرۆڤ ڕوبەڕووی دژایەتیو ستەم و ڕەفتاری نائاسایی ئەویتر دەبێتەوە لە دەروونەوە دەهەژێو دەشڵەژێ، بەڵام لە دەرەوەی خۆی ئەو کارتێکردنە دەرناخات و دەیچەپێنێ، ئەمانە لە هۆشی ناوەکی مرۆڤدا جێدەگرن و لە دواییدا لە شێوەی ڕەفتاری نائاساییدا سەرهەڵدەدەن.

2-نکۆڵیکردن: ئەمیش لە شێوەی چەپاندنە، جیاوازییەکەی لەوەدایە کە چەپاندن زیاتر پەیوەندی بە هەست و سۆزو شتە ناوەکییەکانی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام نکۆڵیکردن شتە دەرەکییەکان دەگرێتەوە، وەکو ئازاردانی فیزیکی مرۆڤ. کە مرۆڤ ڕووبەڕووی سزاو لێدانێکی جەستەیی دەبێتەوە، بۆ بەرگری لەو کارە نکۆڵی لەو ئازارو سزایە دەکات.

3-گۆشەگیریی: مرۆڤ بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات پەنا دەباتە بەر گۆشەگیریو هەوڵ دەدات لە شوێن و سەرچاوەی سزاو ئازارەکە دووربکەوێتەوە.

4-لکاندن: مرۆڤ کە ڕووبەڕووی تاوانبارکردن دەبێتەوە، ئەمیش بە هەمان شێوە تاوانەکە دەلکێنێ بەویترەوە.

**چەپاندن: بناغەییترین جۆری میکانیزمی بەرگرییە، ئاسانترین شێوەکانیشیەتیو مرۆڤ زیاتر ڕووی تێدەکات**

5-دوورخستنەوەو گۆڕان: ئەو کەسەی کە ڕەفتارە نائاساییەکەی نواندووەو مەبەستە، وەڵامی ئاڕاستە ناکرێتەوە، بەڵکە ئاڕاستەی کەسانی تر دەکرێتەوە. مرۆ نەوێرێ لە کەسێ تووڕەبێ، هەڵەیەکی بەرامبەری کردبێ، لە کەسێکی تر تووڕە دەبێو قینی خۆی خاڵی دەکاتەوە.

6-هەڵگەڕانەوە دژی خود: لەم جۆرەی بەرگریدا، لە جیاتی ئەوەی هەستە دژبەرەکانی ئاڕاستەی کەسێکی تر بکات ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە.

7-کاردانەوەی پێچەوانە: ئەو کەسەی کە مرۆڤ دەبێ ڕقی لێ بێتەوە، وای بۆ دەنوێنێ خۆشی دەوێ.

8-دواکەوتن: بۆ بەرگری لەخۆکردن خۆی لە پێشکەوتنەکان دەدزێتەوەو خۆی دوادەخات. بۆ نموونە کە منداڵێك منداڵێکی تری بەسەردا دێت، بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات لاسایی منداڵە بچوکەکە دەکاتەوەو دەگریو ماوەیەك قسەناکات، چونکە منداڵە بچوکەکە قسە ناکات.

9-خود تۆقاندن: کە لە کەسێ یان شتێ بترسێ، ئیدی لێی دەبێ بە گرێو لە خۆی گەورە دەکات و لێی دەتۆقێ.

ئەمانە باوترین جۆرەکانی میکانیزکی بەرگرین، با بزانین مرۆڤی کورد بۆ بەرگری لەخۆکردن چۆن ئەم میکانیزمانەی بەکاربردووە. ژنان و پیاوانی کورد لەم پەیوەندییەدا چۆن دەبینرێن و ئاکامەکانی ئەم بەرگرییانە

چۆن کەوتونەتەوەو بە شێوەی نائاسایی دەرکەوتۆتەوە.

گومانی تێدا نیە کە پیاوی کورد بە درێژایی مێژووی داگیرکراوی کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی دەروونیو فیزیکی بووەتەوە. لە زۆر کات و شوێندا بە هۆو بە بێهۆ سووکایەتی بە کەسایەتی خۆیو خێزانی کراوە. مافە سەرەتاییەکانی لێ زەوت کراوەو دەسەڵاتی خاوەنی خۆبوونی کراوە بە سفر. ژنی کورد، ڕووبەڕووی هەموو ئەمانەو سەرباریش ستەمی پیاوەکەی بووەتەوە. بە هەموو شێوەیەك ڕێگە لە گەشەسەندنی کەسایەتی گیراوەو وەك مرۆڤێکی سەرەتایی ماوەتەوەو لە بەهرەکانی زانین و پێشکەوتن بێبەش کراوە.

بێگومان ئەم هەڕەشەو ستەم و ڕەفتارە نائاساییانەی کە ئاڕاستەیان کراوە، ناچاری بەرگری لەخۆکردنی کردوون. لەو جۆرە میکانیزمی بەرگرییانەی کە باسکران، کە بەرگریەکی ساختەو نەزۆکن دژی هەڕەشەو ستەمەکان لە لایەن مرۆڤی کورد بە پیاو و ژنەوە پەیڕەوی کراون. ئەگەر سەرنجێکی کەسایەتی مرۆڤی کورد بدەین، ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە لە ناو ئەو میکانیزمانەدا کە بە کاربراون بۆ بەرگری لە ستەم و هەڕەشەی دەرەوەی خۆیان بە بۆچوونی من ئەمانەن:

**لە کۆمەڵگەی کورددا کچ لە ڕۆژی بوونییەوە ڕووبەڕووی لۆمەو تانەو تەشەر دەبێتەوە، سوکایەتی بە مێیەتی دەکرێت و لە زۆر چالاکی ڕۆژانەی منداڵی قەدەغە دەکرێت**

## چەپاندن

پیاو: لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم میکانیزمەی بە شێوەیەکی بەرفراوان پیادەکردووە بۆ بەرگری دەروونی خۆی. هەرگیز ڕاستەوخۆ نەیتوانیوە بەرپەرچی ڕەفتاری نائاساییو سوکایەتی داگیرکەرەکەی بداتەوە. بەشی هەرە زۆری چەپاندووەو لە هۆشی ناوەوەیدا جێگەیان گرتووە. ئەمانە لە شێوەی ڕەفتاری نائاسایی تردا دەردەکەون، بۆ نمونە توڕەییو بێئارامیو ناسەقامگیری لە کەسایەتیاندا کە بووەتە خەسڵەتێکی پیاوی کورد.

ژن: لە کۆمەڵگەی کورددا کچ لە ڕۆژی بوونییەوە ڕووبەڕووی لۆمەو تانەو تەشەر دەبێتەوە، سوکایەتی بە مێیەتی دەکرێت و لە زۆر چالاکی ڕۆژانەی منداڵی قەدەغە دەکرێت. ڕەفتاری نایەکسان و نادادپەروەرانە دەبینێت لە دایك و باوکەوە بەرامبەر بەو و براکەی دەکرێت. هەڵاواردنی زەق لە هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەی ناو خێزاندا دەبنە مایەی چەپاندنێکی زۆرو هۆشی ناوەکی ژنی کورد پڕ دەکەنەوە. ترسان لە بڕیاردان و بەرپرسیارێتی، باوەڕبەخۆنەبوون، خەمۆکی ئاکامی ئەو چەپاندنە بێئەندازەیەن کە ژنیان کردۆتە کانگای حەسرەت و هەستی بێدەسەڵاتیو هەستی بێهودەییو بێمانایی ژیان.

## نکۆڵیکردن

پیاو: بەشێکی زۆری پیاو، ئەگەرچی دڵنیایە لەوەی داگیرکەران ڕۆژانە دەیچەوسێننەوەو سووکایەتی بە بوون و ناسنامەی دەکەن، سزای جۆراوجۆری دەدەن، بۆ بەرگری لەخۆی نکۆڵی لەو سزاو ستەمانە دەکەن، بەوەی دەچنەوە پاڵ لایەنی ستەمکارو دەبنە (جاش)، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دیاردەی جاشایەتی هەبووەو ئێستاش هەیە.

ژن: ئەو ستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕاستەوخۆ لە پیاوەوە پێی دەگات، لە شێوەی نکۆڵیکردندا بەرگری لا دروست دەکات. زۆربەی ژنانی کورد بۆ خۆیان دەریدەبڕن کە حەزیان لە پیاوی توندو تیژە. ئەمە جگە لە نکۆڵیکردنی ئەو ستەمە ئاڕاستەیان دەبێتەوە هیچی تر ناگەیەنێ.

## دوورخستنەوەو گۆڕین

تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی کورددا باوە، ئەو کەسەی کە مەبەستە سزا بدرێ نادرێ‌و لە جیاتی ئەو کەسانێکی بێئاگا لەو بابەتە سزا دەدرێن، چونکە ناتوانێ ڕاستەوخۆ سزای سزادەر بدات، ئاڕاستەی سزاکەی دەگۆڕێ‌و لە بنەڕەتەوە ستەمەکە لە کەسانی ستەمکار دووردەخاتەوە.

پیاو: لەبەرئەوەی ناتوانێ ڕاستەوخۆ سزای ئەو کەسانە بدات کە ستەمی ئاڕاستە دەکەن، دەسەڵاتداران و داگیرکەران، سزاکەی ئاڕاستەی کەسانی تری کۆمەڵگەکەی خۆی، خێزانەکەی خۆی‌و بە تایبەتیش ژنەکەی خۆی دەکات. کوشتنی ژن و لێدان و زەبروزەنگ دژ بە ژنان نمونەی ئاشکرای ئەم میکانیزمەن.

**پیاو: لەبەرئەوەی ناتوانێ ڕاستەوخۆ سزای ئەو کەسانە بدات کە ستەمی ئاڕاستە دەکەن، دەسەڵاتداران و داگیرکەران، سزاکەی ئاڕاستەی کەسانی تری کۆمەڵگەکەی خۆی، خێزانەکەی خۆی‌و بە تایبەتیش ژنەکەی خۆی دەکات**

ژن: لە جیاتی سزادانی سزادەرەکەی کە نێرینەکانی ماڵەوەن، سزای منداڵەکانی خۆی‌و بە تایبەتیش کچەکانی خۆی دەدات. ئەمە سیفەتی کەسایەتی بێدەسەڵات و بێهێزە، کە تەنها دەتوانێ سزای لەخۆ بێدەسەڵات و بێهێزتر بدات. دایک لە کۆمەڵگەی کورددا بە قەد باوک و هەندێ جار زیاتریش کچەکەی دەچەوسێنێتەوە. دایک بۆ ڕازیکردنی باوک دەبێتە پاسەوانی کچەکەی‌و هەموو ئاکارێکی کچەکەی سنووردار دەکات و دەیخاتە ژێر چاودێری وردەوە.

## هەڵگەڕانەوە دژی خود

ئەمەشیان جۆرێکی باوی میکانیزمی بەرگرییە لە کۆمەڵگەی کورد. کە ناتوانێ هەستەکانی ڕووبەڕووی کەسانی مەبەست بکات، ڕق و کینەی خۆی ئاڕاستەی خۆی دەکات و لە دژی خۆی دەکەوێتە شەڕ.

پیاو: کە دەکەوێتە دژایەتی خۆی، لە شێوەی خەمۆکی‌و هەستکردن بە بێهودەیی ڕەنگ دەداتەوە.

ژن: دژایەتی خۆی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی‌و لە شێوەی خۆکوشتن و خۆسووتاندن ڕەنگ دەداتەوە. دیاردەی خۆسووتاندن یەکێکە لەو میکانیزمانەی کە ژن بۆ بەرگری لە خۆی لە هەڕەشە بەکاری دەبات.

## خۆتۆقاندن

ئەم میکانیزمەیان زیاترو گشتیتر ژن بەکاری دەبەن بۆ بەرگری کەسایەتی خۆیان. سڵەمینەوەی ژنی کورد لە نێرینەکانی خێزانەکەیو کۆمەڵگەکەی دەگاتە ڕادەی ئەوپەڕی. هەندێ جار ئەو ترس و سامەی کە هەیەتی بەرامبەر بە نێرینەکان لە ڕادەی پێویست دەچێتە دەرەوە. هۆیەکی یاخینەبوونی ژنی کورد لەو ستەمە بێئەندازەیەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە خۆتۆقاندنێتی لە پیاو. ئەو ژنانەی کە هەرگیز خەبات ناکەن بۆ گۆڕینی ژیانی خۆیان و نزیك نابنەوە لە کێشەکەیان نموونەی ئەو ژنانەن کە خۆیان تۆقاندووە لە پیاو، لە کۆمەڵگەی کورددا ژنانی چالاك بۆ خەباتی ژنایەتی ژمارەیان کەمەو خەباتی فێمینیستیش لەناو کورددا زۆر لەمێژ نیە دەستی پێکردووە.

ئەوانەی سەرەوە بەرچاوترین جۆرەکانی میکانیزمی بەرگرین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بێگومان ئاکامەکانی زۆر نێگەتیڤن و بارێکی نائاساییان داوەتە کۆمەڵگەی کورد.

## ئەنجام

لە هەموو وردبوونەوەو بۆچوونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کە مەبەستی خستنەڕوی کێشەی ژن بوو بە دیدی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، دەتوانین چەند ئەنجامێك بەدەست بهێنین.

1-شەڕێکی درێژخایەن و بەردەوام لە ئارادایە دژ بە ژنان، بە ئامرازی جیاوازو شێوازی جیاواز لە کۆمەڵگە جیاوازەکانی دنیادا بەڕێوەدەبرێ. سزا دەروونییەکان کاریگەرترو ئاکامی دژوارتریان هەبووە وەك لە سزا فیزیکییەکان. ئاکامی ئەم شەڕە لە هەموو ڕویەکەوە، لە ڕووی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایینیو کولتوورییەوە زیانی لە کۆمەڵگەکانی دنیا داوە.

2-کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیا، ئەم شەڕە بە شێوەیەکی سووکتر و کەمبینراوتر پیشان دەدەن، هەرچی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە دەبنە بەرەی شەڕو ژنان لەوێ زۆرترین قوربانی دەدەن. ئامرازەکانی شەڕی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا فیوداڵین و هەلومەرجی خەباتی فێمینیستی دژوارە، لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، ئایین یاسایە، ئامادەیی بڕیاری تاك ونەو کۆمەڵگە بڕیار بۆ تاك دەدات. ژن لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا خاوەنی خۆیان و خاوەنی خۆیان و خاوەنی هیچ نین.

3-لە کۆمەڵگەی نوێدا، ژنان زیاتر لە بارن بۆ (بەشتبوون)، فەلسەفەی پارەو گەشەدان بە ئابووری بۆ ڕابەرایەتی دنیا، کیشوەرەکان دنیای خستۆتە پێشبڕکێیەکی بێئەندازەوە. لۆژیکی بازاڕ، پارە لە سەرووی موراڵەوە دەبینێ، نرخی جەستەی ژن بۆ سەرفکردنی کاڵا لە خودی کاڵا کەمتر دەبێتەوە.

4-ئەو پێویستییە ڕەمەکییانەی کە پێویستە مرۆڤیان لێ تێر بێ تا بگەن بە خاڵی خۆناسین و خۆسەلماندن، لە نزیکەی هەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا بۆ

**شەڕێکی درێژخایەن و بەردەوام لە ئارادایە دژ بە ژنان، بە ئامرازی جیاوازو شێوازی جیاواز لەکۆمەڵگە جیاوازەکانی دنیادا بەڕێوەدەبرێ. سزا دەروونییەکان کاریگەرترو ئاکامی دژوارتریان هەبووە وەك لە سزا فیزیکییەکان**

ژنان نەهاتوونەتەدی، بۆیە ژنان وەك پێویست نەیانتوانیوە گەشە بە کەسایەتی خۆیان بدەن و خۆیان بناسن‌و خۆیان بسەلمێنن. هۆی ئەوەیە کە ژنان لە چاو پیاواندا هێزی بڕیاردانیان کەمەو لە هەندێ کۆمەڵگەی نەریتیدا هێزی بڕیاردانی ژنان دەگاتە سفر.

5-ژنانی کورد هەمان شەڕیان لە دژ دەکرێ، سەرەڕای تایبەتمەندییان وەکو ژنانی کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو، دواخراو، نا ئاسایی، کە مەیدانی شەڕەکەیان فراوانتر دەکاتەوە پیاوانی کۆمەڵگەی کورد بۆ خۆشیان ستەملێکراون و زەبری کوشندە لە کەسایەتیان دراوەو بێدەسەڵاتکراون لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە.

6-ژن و پیاوی کورد بۆ بەرگری لەخۆکردن لەو هەڕەشانەی لە دەرەوەڕا لە کەسایەتییان دەکرێ، جۆرەها شێوازی میکانیزمی بەرگرییان بەکاربردووە. چەپاندن، نکۆڵیکردن، دوورخستنەوەو گۆڕین، هەڵگەڕانەوە دژی خودو خودتۆقاندن بەرچاوترینی ئەو میکانیزمانەن.

## دوا وتە

هەرکام شەڕی مێژوی مرۆڤایەتی، ماوەکەی چەند بووبێ‌و ئامرازەکانی چی بووبن و ئاکام و کاریگەرییەکانی چۆن بووبن، کۆتاییان هاتووە. ژیانە فیزیکییەکان قەرەبوو نەکراونەتەوەو ناکرێتەوە، بەڵام وێرانکارییەکانی پاش شەڕ ئاوەدان کراونەتەوە، مرۆڤ خۆی شەڕەکان دەنێتەوەو خۆشی دەتوانێ بیوەستێنێ، مرۆڤ خۆی خوای شەڕو ئاشتییشە، بێگومان ئەگەر بیەوێ! دەکرێ ئەم درێژترین شەڕی مێژوەش کۆتایی بێت. مرۆڤ خواستی لێبێ کۆتایی پێدەهێنێ، ژنان بیانەوێ دەتوانن سروشتی خوازراوی لاوازی خۆیان بگۆڕن و دووبارە ببنەوە بە کەسێکی خاوەن بڕیار، وەك ئەوانەی سەرەتای مێژوو، بەڵام ئەمجارەیان بە کەرەستەی پێشکەوتووەوە، پیاو، گەر بیەوێ دەتوانێ هاوکارو هاوخەباتی ژن بێ بۆ ئاساییکردنەوەی دنیا، چونکە دنیایەکی نادادپەروەرانەیە ئەمەی ئێستا تیایدا دەژین. دنیای نادادپەروەریش دنیایەکی نائاساییە.

ژن و پیاو: بێ یەك هەڵناکەن و یەکتریان خۆشدەوێ، تەنها هێندەی ماوە، خۆشەویستییەکە ئاسایی ببێتەوە، چونکە لە دنیایەکی بەم شێوەیە نادادپەروەرانە، کە لایەنێك لە ئەنجامی شکاندنی لایەنەکەی تر دەسەڵاتێکی هەمیشەیی بەدەستهێناوە، خۆشەویستی نائاساییە.

**ژن و پیاو: بێ یەك هەڵناکەن و یەکتریان خۆشدەوێ، تەنها هێندەی ماوە، خۆشەویستییەکە ئاسایی ببێتەوە، چونکە لە دنیایەکی بەم شێوەیە نادادپەروەرانە، کە لایەنێك لە ئەنجامی شکاندنی لایەنەکەی تر دەسەڵاتێکی هەمیشەیی بەدەستهێناوە، خۆشەویستی نائاساییە**

بۆ ئەوەی پێویستمان بەو میکانیزمی بەرگرییانە نەبێت کە ساختەن و ناوەوەمان وێران دەکەن، مرۆڤایەتی بکەینە پرنسیپی ژیانمان و مرۆڤانە لەگەڵ یەکتر بجولێینەوە.

## سەرچاوەکان


*1-E:C:CUFF & GC.F.PAYNE, RED- SAMHALLSVETENSKAPLIGA PERSPEKTIV GOTEBORG -1979.*

*2-PER OLOF OLOFSSON& BENGT SJOSTROM- EXISTENS OCH SOCIALA RELATIONER*

*STUDENTLITTERATUR-LUND- 1993.*

*3-SARA ARRNHENIUS- EN RIKTIG KVINNA, OM BIOLOGISM OCH KONSSKILLNAD*

*ATLAS- 1999.*

*4-UD INFO - REGERINGSKANSLIET - KVINNANS RATTIGHETER- JUNI-1999.*

*5-RADA BARNEN- BARN I KRIG- 1986.*

*6-MARILYN FRENCH-DET EVIGA KRIGET MOT KVINNAN -OVERSATFNING: ULRIKA*

*JUNKER MIRANDA- NATYR&KULTURK- KOPING 1992.*

*7-JOHANSSON TOMAS&MIGEL FREDRIK - KULTURSOSIOLOGI STUDENTLIT*

*TERATUR- 1996.*

*8-ANDERSSON STEN, JOHANSSON TOM, NOLSSON GERT& OSTERBERG DAG-*

*MELLAN MANNISKOR OCH TLNG- BOKFORLAGET KORPEN-- GOTEBORG- 1985.*

*9-SCHULTZ LARSSON OLE- PSYKOLOGISKA PERSPEKTIV- ARHUS- 1997*

*10-AHRNE (G- DEF SOSIOLOGISKA LANDSKAPET-1996*


## پەراوێزەکان

1-سەرچاوەی ژمارە 1، ل 42.

2-هـ. س. پ، ل 43.

3-نمونەی نەوال سەعداوی لە میسـرو تەسلیمە نەسرین لە بەنگلادیش، کە لە لایەن ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە هێرشیان کراوەتە سەرو ناچاری وڵاتبەجێهێشتن کراون.

4-سەرچاوەی ژمارە 4، ل 10.

5-سەرچاوەی ژمارە 6، ل 41.

6-سەرچاوەی ژمارە 3، ل 15.

7-سەرچاوەی ژمارە 2، ل 22.

8-سەرچاوەی ژمارە 5، ل 12.

9-سەرچاوەی ژمارە 7، ل 45.

10-سەرچاوەی ژمارە 8، ل 85.

11-سەرچاوەی ژمارە 6- ماریلین فرەنچ، نووسەری فێمینیستی ئەمریکایی، ناوی کتێبەکەی (شەڕی هەمیشەیی دژ بە ژنان)ە.

12-سەرچاوەی ژمارە 9، ل 87.

13-لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە نەریتییەکان و ئیسلامیەکان بە دەگمەنیش ژن لە ڕۆڵی سەرۆکایەتیو بەڕێوەبەرایەتی نابینرێن.

14-سەرچاوەی ژمارە 9، ل 89.

15-سەرچاوەی ژمارە 10، ل 71.

رۆژی ژن

یوسف بزی

# وێنەیەکی سوکایەتی پێکراو

## (فریودانی گەورە لەبرەو پێدانی ئەدەبی ژنانەدا)

**لەعەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا**



گومانم هەیە بەرامبەر بەوەی رۆژنامەکانو یانەکانمان سەبارەت بە "ئەدەبی ژنانە" دەیوروژێنن، چونکە لەماوەیەکی زۆر کەمدا، کە دووساڵ تێپەڕ ناکات، چەندین کۆڕ، کۆنگرە، گۆڤار، وتارو کتێبی تایبەت بە "داهێنانی ژنان" بڵاوکرانەوە، وەك ئەوەی لەبەردەم بزوتنەوەیەکی کودەتاخوازدابین.

ئەم بایەخدانە کتوپڕە یان بزوتنەوە برەوپێدەرە ئەوەندە بەهێزە، کەسێك ناتوانێ بیوەستێنێ یان ڕەخنەی لێ بگرێ یاخود لەپەرۆشی کەمبکاتەوە، چونکە بەچەکی یەکسانیو مافو شارستانیبوون.. هتد هەموو گومانکارێك، بێ بڕوایەك یاخود ڕەخنەگرێك بە کۆنەپەرستو پاشکەوتوو و توخمپەرست (دەمارگیری بۆ توخمەکەی خۆی) تاوانباردەکات. بۆیە شەرمو ترس سیمای ئەو کەسەیە پشتگیری ئەم هەڵچوونە ناکات، کە بە "داهێنانی ژنانە" ناودەبرێ.

لەڕاستیدا، گومانی من پەیوەندی بەمەسەلەی "یەکسانی"، "دادوەری"و "ماف"ەوە نییە، چونکە ئەوانە، بێ هیچ دوودڵییەك، بەشێکی بنچینەیی ویژدانی

ڕۆشنبیری‌و مرۆیی‌و سیاسیم پێکدێنن، بەڵکو گومانەکە بەرامبەر بە دروستکردنی ئەو دیاردەیەیە کە "داهێنانێك"ی تایبەت بە ژنان دادەمەزرێنێ‌و کۆششدەکات بۆ برەوپێدان‌و هەموو ژنە ڕۆشنبیرەکانیش بەپێی پرەنسیپێکی چەندایەتی، لەسەر بنەمای ئینتمای فیزیۆلۆژی، لەژێر ئالآیدا کۆدەکاتەوە. ئەگەرچی ئینتمای فیزیۆلۆژی- توخمئامێز کۆمەڵێك ستەمکاری‌و جیاوازیی مافەکان دەستنیشاندەکات‌و ڕەفتارێکی سیاسی سەرکوتکارانە جیاکارەدەکات، بەڵام ئەدەب یان ڕۆشنبیری ناتوانێ بەپێی ئەو ببێتە دوو ڕۆشنبیری‌و ئەدەب، چونکە خودی پرەنسیپی کەرتکردن ناکۆکە لەگەڵ ڕۆشنبیریدا، لەبەر ئەوەی ئینتیمای ڕەگەزی، تایەفەگەری، ناوچەگەری، نیشتیمانی، هەرێمایەتی، نەتەوایەتی‌و تەنانەت زمانەوانیش ناتوانێ ڕۆشنبیری کەرتبکات‌و لەقاڵبی تاقە ناسنامەیەکی بدات‌و لەنێو سنورێکدا گیریبکات.

هیچ جیاکارە کردنێك یان تایبەتمەندییەك یاخود جیاوازییەك لە ڕۆشنبیریدا، ناتوانێ نیشانەیەکی پۆزەتیڤانە بێت، ئەگەر ڕۆڵی خستنەسەرو کارلێکردنی نەبێ. لەم ڕوانگەیەوە "داهێنانی ژنانە" سروشتێکی نێگەتیڤانە لەخۆدەگرێ، چونکە بێ هیچ بەهانەیەك ئەدەب لەنێوان پیاوو ژنداو بەپێوانەیەکی توخمئامێز، نەك ئەدەبی، هونەری، جوانکاری، شێوازخواز یان زمانەوانی، دابەشدەکات. ئەمەش پێوانەیەکی زۆرەملێیانەیە لە دەرەوەی ڕۆشنبیری‌و ئەدەب، بەڵکو لە دەرەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی، خواستراوەو لەناخدا بەری سیاسەتەو تەنیا بۆ بەکاربردنی سیاسیە.

**گومانەکە بەرامبەر بە دروستکردنی ئەو دیاردەیەیە کە "داهێنانێك"ی تایبەت بە ژنان دادەمەزرێنێ‌و کۆششدەکات بۆ برەوپێدان‌و هەموو ژنە ڕۆشنبیرەکانیش بەپێی پرەنسیپێکی چەندایەتی، لەسەر بنەمای ئینتمای فیزیۆلۆژی، لەژێر ئالآیدا کۆدەکاتەوە**

بێگومان ئەم دیاردەیە ڕواڵەتکارانە خۆدەنوێنێ، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە دەنگدانەوەیەکی لاوازی بزووتنەوەی "فیمینیزم"ی خۆرئاوایە، بە کۆپیە زۆر نوێیەکەی کە لە ناوەڕۆکدا پشت بەمافی ناوێزەو سێکسی هاوجۆری دەبەستێ. جا ئەگەر دەرکمان بەوە کرد مەسەلەی ناوێزەبوون‌و سێکسی هاوجۆر تاکو ئێستا جێی بایەخپێدانی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌و ڕۆشنبیرەکان (بەژن‌و پیاوەوە) نییە، ئەو ساتە دەتوانین بڵێین برەودان بە ئەدەبی ژنانە بەشێوازە توخمچیەکەی دەستکردەو تەنیا بەرهەمی پێداویستی‌و ئاڕاستەی بەرخۆرانەیە کە ڕۆشنبیریی ئێمە بەخراپترین ڕێگەو شێوە ڕوویتێکردوە، دیارترینیان ڕۆژنامەگەریی بە ژمارەو سەکۆ زۆرو کەم کاریگەریی‌و کەم خوێنراوەیە، چونکە بابەتی "ئەدەبی ژنانە" بەلای سەکۆ ڕۆشنبیرییەکانەوە تەنیا "بابەتێکی نوێ"یە بۆ فرەجۆرکردنی ئاخاوتنەکان‌و تێکشکاندنی بێزاری‌و ڕۆتین لە ئاخاوتنی ڕۆشنبیریدا، ئەمە بەبێ ڕەچاوکردنی جیدیەتی ژنە ئەدیبەکان‌و ڕاستگۆیی ڕۆشنبیریان، کە زۆر بەتوندی ئەوە ڕەتدەکەمەوە لە ڕاستگۆیی ئەدیبە پیاوەکانی جیابکەمەوە، چونکە من

زیاتر بایەخ بە جیاکارەکردنی دەقەکان دەدەم، بێ گوێدانە توخمی خاوەنەکەی.

زۆربوونی ژمارەی ژنە ئەدیبەکانمان پەیوەندی بە بزوتنەوەی ژنانەوە نییە، بەڵکو بەرەنجامی بەگشتیکردنی خوێندنو بزوتنەوەی ڕۆشنگەریو کرانەوەی ڕێژەیی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە ڕۆژانە کۆششدەکەین بۆ بەخێرایی چاککردنو پەرەپێدانی، بۆ گەیشتن بە ژیارێکی دیموکراسی، کە لەسەر بنچینەی بەهاکانی یەکسانیو دادپەروەری ژنانو پیاوان ڕادەوەستێ.

دەشێ بڵێین زۆربوونی کەڕووئاسایانەی (لە کەڕوەوە) ژنە ئەدیبەکانمان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هۆی دیکەی هەیەو پەیوەندییەکی پتەوی بەسەرکوتکردنی گشتییەوە هەیە، ئەوەش هەمان ئەو هۆیانەیە کە پاڵ بەگەلێك لاوو خوێندکارەوە دەنێ، لەبری ئامڕازەکانی دەربڕینی ڕاستەوخۆ (ئازادیی دەربڕین، کار، حیزبایەتی، ڕەفتارنواندن.. هتد)، ڕووبکەنە شیعر، چونکە ئەو ژنەی ژیانی ڕۆژانەی، بەم یان بەو شێوەیە، لێ یاساخکراوەو هۆشیارییەکی ڕێژەیی بەدەستهێناوە، جگە لە نووسین هیچ بوارێکی کراوەی دیکەی لەبەردەمدا نییە. بەم مانایە، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ژنە نووسەری ئێمەو خۆرئاواییدا هەیە: ئەوەی یەکەم دەنووسێ، لەبەر ئەوەی نووسین تاکە ڕێگەیەتی، کەچی ئەوەی دووەم دەنووسێ، لەبەر ئەوەی تەبایە لەگەڵ ئازادیی خۆیدا، لێرەشدا دەشێ ژنانە بێتو بەئاشکرا لە ڕووی سیاسیو حیزبیو کۆمەڵایەتییەوە دەریبڕێ. هەروەها دەشێ "ژنانە"ش نەبێ، بەڵام تێڕوانینی خۆی دەربڕێ. کەچی سەبارەت بە ژنە نووسەری ئێمە، نووسین بەرەنجامی پەککەوتەییو سەرکوتکردنەو گەڕانی بێهودەیە بەدوای بەڵگەو بەهانەدا بۆ سەلماندنی هاوتاییو پێویستی یەکسانی لەگەڵ پیاودا، بەو جۆرەش نووسین بەپلەی یەکەم تەنیا ئامڕازە، ئامرازێکی خەیاڵپلاوانەیە.

**هەرهاندانێك بۆ گیرکردنی مەسەلەی ژنان لە نووسینو داهێناندا، هاندانێکە لەویستێکەوە سەرچاوەدەگرێ کە دەیەوێ ژن لەئەدەبو نووسیندا گیربکاتو بیخاتە تەڵەی خەیاڵپلاویی تایبەتمەندیو جیاکارەیی "ئەدەبی ژنان"ەوە**

هەرهاندانێك بۆ گیرکردنی مەسەلەی ژنان لە نووسینو داهێناندا، هاندانێکە لەویستێکەوە سەرچاوەدەگرێ کە دەیەوێ ژن لەئەدەبو نووسیندا گیربکاتو بیخاتە تەڵەی خەیاڵپلاویی تایبەتمەندیو جیاکارەیی "ئەدەبی ژنان"ەوە. لێرەشدا هەتا ئەم هەستکردن بەتایبەتمەندیو جیاکارییە قوڵتربکرێتەوە، ژن زیاتر لەو دەقە ڕۆشنبیرییە گشتیو ئەدەبە گشتییە دووردەکەوێتەوەو ئەوانەش دەبنە ڕۆشنبیریو ئەدەبێکی پیاوانەی ڕووت.

لەوانەیە پەرۆشی هەندێ ژنە ئەدیبو رازیبوونیان بە چوونە ژێر ئەم ئالایەوە هۆی دروستی خۆی هەبێت، لەوانە: بێهودەیی ژن بەگشتیو هەستکردنی ژن بە بەزینی پیاوی ئێمە، بەو پێیەش هەستکردنی ئەو بەگرنگی دەستپێشکەریکردن، با هەندێ جار دوژمنکارانەش بێت، چونکە مێژووی ئەو چەوساندنەوەیەی ژنی ئێمە دووچاریبوە، هەتا ماوەیەکی دوورودرێژی تریش لە مێژووی ئێمەدا شورەییەو ئەمەش بە زۆربوونی ناوی

ژنان لەلیستی ئەدەبی ئێمەدا ناگۆڕێ.

بەداخەوە دەبینین زۆربوونی ژنە ئەدیبەکان نەبۆتە هۆی هێنانەدی دەستکەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەدەستکەوتی ڕۆشنبیریشەوە، وەك ئەوەی ئەدەب جارێکی دیکە ئەڵتەرناتیڤێکی واقیع بێتو ئەوەی تیادا بێتەدی کە لە سیاسەتو کۆمەڵگەدا نەهاتۆتەدی.

پێدەچێ وشەیەکی نهێنی هەبێت وا بکات ئەدەب تاکە بواری ڕێگەپێدراو بێت کە ژن تیایدا دەرکەوێ، ئەو مەیدانەی تیایدا نووسین گەمارۆدراوەو چالاکی پەکخراوە. پێویستیمان بەبەڵگە هێنانەوە نییە، کاتێك دەڵێین "ئەدەبی ژنان"ەی ئێمە هیچ پەیوەندییەکی بە ژنی ئێمەوە نییە، چونکە مەسەلەیەکی ڕیزپەڕانە نییە، بەڵکو بەشێکە لە گشتێك، بەشێك لەخودی تەنگوچەڵەمەی ڕۆشنبیری. لێرەشدا دانی دەرفەتێك بە ژن بۆ نووسین فریومان نادات، چونکە وەك وتمان پرۆسەیەکی هەڵخەڵەتاندنو سەرقاڵکردنو بەکاربردنە، لەبەرئەوەی ڕژێمە دژ بە ژنە ڕۆشنبیرەکان لە دژی ئوسوڵیەتو بۆ بەدەستهێنانی ڕازیبوونی سیاسیی خۆرئاواو بۆ بەهێزکردنی عیلمانیەتی عەسکارتاریی داتەپیو و بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن بەهەموو جۆرەکانییەوە، بەکاریدەبەن.

هەروەها دەوڵەتە ئایینیەکان تەڵەی ژنانەی خۆیان دروستدەکەن، چونکە زیادەڕۆیی لە خستنەڕووی وێنەی فاتیمەی زەهراو شکۆدارکردنی پەچە،

**من ئەمڕۆ ناتوانم بەهانە بۆ ئەو هاندانە ڕەسمی و برەوپێدانە باوە بهێنمەوە کە لە جوڵەدان بۆ گۆڕینی "داهێنانی ژنانە" بە دیاردەیەکی ڕەگداکوتاو لەناو ڕۆشنبیریو ڕەخنەدا، چونکە ئەوە جگە لە تەڵەیەکی سیاسی هیچی تر نییە**

دەڕژێنە نێو خانەی سڕکردنی ژنانو بێدەنگکردنیان لە ڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە. نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە بەشداریکردنی ژنان لە حکومەت یاخود پەرلەماندا چ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی هەبوە بۆ پەیداکردنی لایەنگیریی میللی ساویلکانە بۆ ڕژێمەکان.

من ئەمڕۆ ناتوانم بەهانە بۆ ئەو هاندانە ڕەسمی و برەوپێدانە باوە بهێنمەوە کە لە جوڵەدان بۆ گۆڕینی "داهێنانی ژنانە" بە دیاردەیەکی ڕەگداکوتاو لەناو ڕۆشنبیریو ڕەخنەدا، چونکە ئەوە جگە لە تەڵەیەکی سیاسی هیچی تر نییە. بەسەرکەوتنی ئەم دیاردەیەش درزێکی گەورەو پشێویەك دەکەوێتە نێو ئەو ڕۆشنبیرییە پێشڕەوەوە کە خواستی ڕزگارکردنی دەقو کۆمەڵگە (پیاوو ژن پێکەوە)ی هەیە، لە هەموو چەشنەکانی سەرکوتکردنو جیاکردنەوەو دەسەڵاتخوازی. پێویستە هێما بۆ گرنگی جیاکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەو دەقە بکەین، کە ژنی نووسەر دەینووسێ، چونکە ئەوە دەقێکە وەك هەر بابەتێك (کە پیاو دەینووسێ) دەخوێنرێتەوەو ڕەخنەی لێ دەگیردرێ، بەبێ بایەخدان بەو پۆلێنکردنە ساویلکە گشتگیرانەی پەنا بۆ مەسەلەی هەڕەمەکی وەك: توخم، تەمەن، ڕەگەز، ڕەنگ، چین، ئایدیۆلۆژیا.. هتد دەبەن.

وێڕای ئەوە، ئاخاوتن سەبارەت بەتایبەتمەندیبوونی ئەوەی ژن دەینووسێ، وادەکات هەموو ژنە

نووسەرەکان خاوەنی یەك دەق بن، ئەمەش ئەگەرچی تاکخوازی هەر پیاوە نووسەرو ژنە نووسەرێك ڕیسوادەکات، لەهەمان کاتدا ژنیش ڕیسوادەکات، بەو پێیەی دەیکاتە کۆیەك بەفۆڕمی تاك لەبەرامبەر تایبەتمەندیی هەر نووسەرێك (پیاو)، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ ڕۆژێك بەر گوێمان نەکەوتوە یەکێکیان وێرابێتی باسی تایبەتمەندیی ئەدەبی پیاوانە بکات.

هەروەها سوودبەخشە هێما بۆ ئەوەش بکەین، کە زۆر بوونی خێرایی ژنە نووسەرەکان تەبا نییە لەگەڵ زۆربەی ڕاستییەکانی ڕەخنەدا، چونکە قبوڵکردنی هەر دەقێك ژنی ئێمە بینووسێ، بەپێرەوەچوونی ویستی زۆربوونی ژنە ئەدیبەکانو "داهێنانی ژنانە"یە، بەبێ بایەخدان بە بەهای ئەدەبی.

**ئێمە هیچ ڕۆژێك بەر گوێمان نەکەوتوە یەکێکیان وێرابێتی باسی تایبەتمەندیی ئەدەبی پیاوانە بکات**

**سەرچاوە**

**گۆڤاری (الناقد)ی لەندەنی ژمارە 76/ تشرینی یەکەم 1994.**

فەوتانی ڕاستەقینە تەنیا لەوەدا نییە: ڕێگە لە تێکەڵاوبوونی هەردوو توخمەکە بگیردرێت، ژن لەماڵەوە زیندان بکرێت، پێکهێنانی خێزانی چێژ وەرگرتن ئاسا بەگشتیبکرێت، دەسەڵاتی جیابوونەوە بدرێتە دەست پیاوو یاسای میرات دەربکرێت، بەڵکو لە نوێکردنەوەی ئەو یاسایانەو ئەخلاقیشدایە، لەڕێگەی دۆزینەوەی وێنەگەلێکی نوێوە، وەك یاساخکردنی تێکەڵبوونی ئەدەبی نێرانە- مێیانە، پۆشینی پەچەیەکی ئەدەبیو زیندانیکردنی ژنە نووسەر لەنێو ژنێتی خۆیدا. ئەمەش ژنو ڕاستی ئەدەبیو مەعنەویی ژێردەخاتو شورەیی چەوساندنەوە بەشێوەیەکی دووجارەکیو بەدەمامکی نوێو سەرنجڕاکێشەوە نوێدەکاتەوە.



تابلۆی شێوەکار ڕێبوار سەعید

رۆژی ژن

# دایەلێکتیکی سێکس

گەیل رۆبن

لە ئینگلیزییەوە: ئەلەند



چینایەتی ڕەگەزی (سێکس) ئەوەندە قوڵە کە ببینرێت، یان دەشێ وەکو نا یەکسانیەکی ئاشکرا دەربکەوێت کە دەشێ ئەو نایەکسانییە لە ڕێگای تەنیا هەندێ چاکسازییەوە چارەسەربکرێت، یان لەوانەیە بەهۆی بە تەواوەتی یەکپێگرتنی ژن لەگەڵ هێزی کاردا ئەو نایەکسانیە گوشادبکرێت، بەڵام کاردانەوەی پیاوی ئاسایی و ژنی ئاسایی یان منداڵی ئاسایی چییە؟بۆچی ناتوانیت ئەو کاردانەوەیە بگۆڕیت؟ پێویستە بچیتە دەرەوەی مێشك و عەقڵی خۆت، کە ئەوەش کراوەترین یان نزیکترین دەرگایە بۆ گەیشتن بە ڕاستی. ئێمە لە بارەی شتێکی هێجگار قوڵی لەو جۆرەوە زۆر بە کەمی دەدوێین. ئەم کاردانەوە گشتییە و گریمانی ئەوەش کە لە کاتێکدا لێی بێ ئاگاین ئەوەیە کە فیمینستەکان دەربارەی گۆڕینی حاڵەتی بنەڕەتی بایۆلۆژی دەدوێن.. کە شتێکی ڕاستگۆیانەیە. بەڵام گۆڕانکاری زۆر فراوان ناشێت هەروا بە ئاسانی بگونجێت لەگەڵ بیری جۆراوجۆری تەقلیدیانەدا بۆ نموونە بیری سیاسی، ئەویش لەبەر ئەوە نییە کە ئەم جۆرانە جێبەجێ ناکرێن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوەندەی پێویستە گەورەنین کە فیمینزمی ڕادیکاڵیانە تیایاندا

بتەڤێتەوە. دەشیا وشەیەکی تر هەبوایە کە هەموو پێشوازیان لێبکردایە لە چاو شۆڕش کە ئێمە بەکارمان هێناوە.

هەتا قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتن نەگەیشتبێتە ئەنجام و تەکنۆلۆژیا پەیبردنی خۆی بە ژیان بەدینەهێنابێت ئەوا پرسیارکردن لە بارەی حاڵەتە بنەڕەتیە بایلۆژیەکانەوە شتێکی شێتانە بوە. بۆ دەبێ ژن دەستبەرداری جێگای پڕ بەهای خۆی بێت لە ماشێنی مێگەلیدا بۆ خەباتێکی خوێناوی کە هیچ ئومێدی سەرکەوتنی لەو خەباتەدا نەبێت؟ بەڵام بۆ یەکەمجار لە ماوەی چەندین سەدەدا لە ڕاستیدا زەمینە بۆ شۆڕشی فیمینیستی هەیە، بارودۆخەکە دەگاتە ئاستی داواکردنی ئەم شۆڕشە.

ژنانی یەکەم لە قەسابخانە ڕادەکەن، لەرزین و ناجێگیری دەکەونە ئەوەی یەکتر بدۆزنەوە. یەکەم جوڵەیان تێبینیکردنی پێکەوە بەستنێکی بە ئاگایانەیە بۆ دووبارە هەستیارکردنەوەی هۆشیاریەکی تێکشکاو. ئەمەش ئازار بەخشە. گرنگ نییە کە چەند ئاستی هۆشیاریی هەیە تا کەسێ پێی بگات، بەڵکو کێشەکە هەمیشە قوڵتر دەڕوات، لە هەموو لایەك دابەشبوونی (ین و یانگ) هەموو ڕۆشنبیری و ئابوری و مێژوو و سروشت خۆی بڵاودەکاتەوە، گۆڕینە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوا بۆ جیاکاری سێکسی هێجگار ئاستێکی نوێ بە مەبەستی زیاتر بەرزکردنەوەی هەستیارێتی کەسێك بۆ دەرخستنی کێشە سێکسییەکان بە شێوەیەکی زۆر خراپتر لە چاو بە ئاگایی نوێی ڕەشی سەربازی ڕەیسیزمدا؛ دەبێ فیمینیستەکان پرسیار بکەن، نەك تەنیا هەموو ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا، بەڵکو دامەزراوی ڕۆشنبیری خۆی و زیاتریش دامەزراوی ئەو سروشتە. زۆر لە ژنان لە بێ ئومێدیدا واز دەهێنن. ئەگەر ئەمەش ئەوە بێت کە چەند قوڵ دەڕوات، ئەوان نایانەوێت لەوە تێبگەن. کەسانی تر بەردەوام دەبن لە بەهێزکردن و فراوانکردنی بزوتنەوەکەو هەستیاری ئازاربەخشیان بۆ سەرکوتاندنەوەی ڕەگەزی مێ کە بۆ ئامانجێك بوونی دەبێت، ئەویش لە ئاکامدا بۆ بەلاوەنانێتی.

**هەتا قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتن نەگەیشتبێتە ئەنجام و تەکنۆلۆژیا پەیبردنی خۆی بە ژیان بەدینەهێنابێت ئەوا پرسیارکردن لە بارەی حاڵەتە بنەڕەتیە بایلۆژیەکانەوە شتێکی شێتانە بوە**

پێش ئەوەی ئێمە کاربکەین بۆ گۆڕینی حاڵەتێك، پێویستە بزانین کە چۆن ئەو حاڵەتە دەرکەوتوەو گەشەی کردوەو لە ڕێگای کام دامەزراوانەو ئێستا کار دەکات. ئینجلس دەلچێت: "پێویستە سەرکەوتنی مێژوویی ئەم ڕوداوانە هەڵبسەنگێنین کە لێیەوە دوژمنایەتی سەریهەڵداوە بە مەبەستی ئاشکرابوون لەو حاڵەتانەوە کە هۆکاری کۆتایی پێهێنانی ئەو ناکۆکییەیان پێکهێناوە". بۆ شۆڕشی فیمینیستی ئێمە پێویستمان بە شیکردنەوەیەکی دینامیکی جەنگی سێکسی هەیە وەکو شتێکی هەمە لایەنەی شیکردنەوەی مارکس و ئینجلس بۆ دوژمنایەتی چینایەتی کە بە مەبەستی شۆڕشی ئابوری بوە، ئەویش بە شێوەیەکی گشتگیر. بۆ ئەو مەبەستە ئێمە خەریك دەبین بەکێشەیەکی گەورەترەوە، ئەویش

لەگەڵ سەرکوتکردنێکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیوی تۆمارکردنی مێژوویی لە مەملەکەتی ئاژەڵ خۆیدا.

لە خولڤاندنی ئەم شیکردنەوەیەدا ئێمە زۆر شت لە مارکس و ئینجلسەوە فێردەبین. نەك بیروباوەڕەکانیان بە حەرفی لە بارەی ژنانەوە -لە بارەی حاڵەتی ژنانەوە وەکو چینێکی سەرکوتکراو کە شتێکی تر بۆ هیچ دەزانن و دان بەوەدا دەنێن تەنیا لەوێدا ئەو شتە لەگەڵ ئابوریدا درێژ دەبێتەوە- ئەویش زیاتر لە میتۆدە شیکاریەکانیاندا.

مارکس و ئینجلس سەرکەوتوون بەسەر پێشڕەوە سۆشیالیستیەکانیاندا لەوەدا کە پەرەیان دا بە ڕێبازێکی شیکردنەوە کە هەردووکیان تیایدا دایەلێکتیست و ماتریالیست بوون. یەکەم لەو ساتانەدا بۆ بینینی مێژوی دایەلێتیکانە، ئەوان جیهانیان وەکو پرۆسەیەك بینیوە، وەکو جوڵەیەکی بەردەوامی سروشتی کارو کاردانەوەی لە ڕودا وەستانەکان کە هێشتا لێکجیای نەکراوەن و بەناو یەکدا یان لە ڕێگای یەکترەوە بڵاودەبنەوە، چونکە ئەوان توانیویانە پەی بە مێژوو ببەن وەکو زنجیرەیەك (فیلمێك) زیاتر لەوەی وەکو چرکەیەك. ئەوان هەوڵیانداوە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەوتنە باری بێ جوڵەیی بینینی میتافیزیکانەوە کە زۆر عەقڵی گەورەی تری داگیرکردوە. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە خۆی دەشێ بەرهەمێکی دابەشبوونی سێکس بێت.. ئەوان ئەم ڕوانینە کاریگەرە



**مارکس و ئینجلس سەرکەوتوون بەسەر پێشڕەوە سۆشیالیستیەکانیاندا لەوەدا کە پەرەیان دا بەڕێبازێکی شیکردنەوە کە هەردووکیان تیایدا دایەلێکتیست و ماتریالیست بوون**

داینامیکیەی هێزە مێژوییەکانیان لەگەڵ ڕوانینی ماتریاڵستدا یەك پێگرتوە، کە ئەوان هەوڵیانداوە بۆ یەکەم جار گۆڕانکاری مێژویی و ڕۆشنبیری لەسەر بنەمایەکی ڕاستەقینە دابنێن، بۆ وێنە گەشەکردنی چینە کۆمەڵایەتیەکان بۆ هۆکارە ئۆرگانیەکان. بە هۆی تێگەیشتنی هەمە لایەنەی میکانیزمی مێژووەوە، ئەوان ئاواتیان نیشاندانی پیاوان بوو کە چۆن لەوە تێدەگەن.

بیرمەندانی سۆشیالیستی پێش مارکس و ئینجلس وەکو فۆریە و ئۆوین و بییل نەیانتوانیبوو شتێکی زیاتر لە جوڵاندن سەبارەت بە بوونی نا یەکسانی کۆمەڵایەتی نیشانبدەن، لەگەڵ دانانی جیهانێکی نمونەیی کە تیایدا باڵادەستی چینایەتیو بەکاربردن نابێت بوونی هەبێت. بە هەمان ڕێگای کە بیرمەندە سەرەتاییەکانی فیمینیست جیهانێکیان وێنەکرد کە تیایدا دەسەڵات و بەکاربردنی ڕەگەزی نێر نابێت بوونی هەبێت -ئەویش تەنیا بە چاکێتی نیازی پەسەند. لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەبەر ئەوەی بیرمەندەکانی سەرەتا بە ڕاستی تێنەگەیشتون لەوەی کە چۆن نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەرەی سەندوەو خۆی پاراستوە یان دەشێ لەناو ببرێت، بیرۆکەکانیان لە بۆشاییەکی ڕۆشنبیریو لە یۆتۆبیادا بوونیان هەبوە. مارکس و ئینجلس لەلایەکی ترەوە هەوڵیان داوە بۆ ڕێبازێکی زانستیانە بۆ مێژوو. ئەوان دوای ململانێی چینایەتی کەوتون بۆ ئەسڵە ئابوریە ڕاستەقینەکانی و پرۆژەی چاککردنی ئابوریان دانەوە

لەسەر بنەمای بارودۆخە بابەتیەکانی ئابوری کە پێشتر هەبوون. بە دەست بە سەرداگرتنی لەلایەن پرۆلیتاریای ئامرازی بەرهەمهێنانەوە کە بەرەو کۆمۆنیزم چوە کە تیایدا حکومەت بەرەو دارمان چوەو چیتر پێویست بە دیسانەوە سەرکوتکردنی چینی خوارەوە نەبوە لە پێناوی چینی بەرزدا. لە کۆمەلگایەکی بێ چیندا بەرژەوەندییەکانی هەر تاکە کەسێك دەبنە هاوتای بەرژەوەندییەکانی کۆمەلگایەکی گەورەتر،

بەلام بنەمای ماتریالیزمی مێژویی زیاتر وەکو بەرەو پێشەوە چونێکی گەشاوە وابوە بەسەر شیکردنەوە مێژوییەکانی پێشتر داو وەلامێکی تەواو نەبوە، وەکو ڕوداوەکانی دواتر بڕیاریان داوە. بۆ ئەوە مارکس و ئینجلس زەمینەی تیۆری خۆیان لە واقیعدا داناوە، بەلام ئەوە واقیعیەتێکی تەواوەتی نییە. لێرەدا پێناسەی وردی ئابوریانەی ئینجلس بۆ ماتریالیزمی مێژو لە سۆشیالیزمەوە یۆتۆپیایە یان زانستیانەیە، ماتریالیزمی مێژو ئەو ڕوانینەیە کە لە ڕەوتی مێژودا لە دوای هۆی کۆتایی و لە دوای هێزی گەورەی جولاندنەی ڕوداوە مێژوییەکان دەگەڕێت لە پەرەسەندنی ئابورییانەی کۆمەلگادا، ئەویش لە گۆڕانکاری شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ئالوگۆڕکردندا و لە دابەشبوونی بەدوای یەکداهاتووی کۆمەلگادا بۆ چینە جیاوازەکان و لە خەباتی ئەم چینانەدا یەك بەرامبەر ئەویتریان. هەموو مێژوی

**ئینجلس تێبینی ئەوەی کردوە کە دابەشبوونی بنەڕەتی کار لە نێوان پیاوو ژندا بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مندالْ بوە، کە لە سنوری خێزاندا مێرد خاوەنی بوەو ژنیش ئامرازی بەرهەمهێنان**



ڕابردو بێجگە لە قۆناغە سەرەتاییەکان مێژووی خەباتی چینایەتی بوە. کە ئەم چینە بەشەڕهاتووانەی کۆمەلْ هەمیشە بەرهەمی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ئالوگۆڕکردنن لە جیهانێکدا لە هەلومەرجە ئابورییەکانی ئەو سەردەمەدا، کە بنیادی ئابوری کۆمەلگا هەمیشە بنەما ڕاستەقینەکان ڕێکدەخات و زیاد دەکات،دەستپێکردن لەوێوە کە ئێمە بە تەنیا دوا لێکدانەوە ڕێکدەخەین بۆ سەرجەم بنیادە بالاکانی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان و هەروەها دامەزراوە ئایینی و فەلسەفیەکان و بیرۆکەکانی قۆناغی مێژویی دراو.

دەشێ هەلْەبێت کە هەولی ڕونکردنەوەی سەرکوتکردنی ژنان بدەیت بەپێی ئەم لێکدانەوە ئابورییە توندوتیژە. شیکردنەوەی چینایەتی بەشێکی جوانی کارەکەیە، بەلام سنوردارە. هەرچەندە لە لایەنی هەستیەوە ڕاستە، بەلام قولْ نابێتەوە. ئاستێکی گشتی سێکسی دیالێکتیکی مێژویی هەیە کە ئینجلس لەکاتی تاریکدا پەی پێدەبات، بەلام لەبەر ئەوەی دەتوانێ سێکسیبوون تەنیا لە پالْفتەی ئابوریانەو چڕکردنەوەی هەموو شتێك بۆ ئەوە ببینێت، ئەوا ناتوانێت لەلای خۆیەوە ئەوە هەلْسەنگێنێ.

ئینجلس تێبینی ئەوەی کردوە کە دابەشبوونی بنەڕەتی کار لە نێوان پیاوو ژندا بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مندالْ بوە، کە لە سنوری خێزاندا مێرد

خاوەنی بووەو ژنیش ئامرازی بەرهەمهێنان، منداڵیش و کاریش و هەروەها بەرهەمهێنانی ڕەگەزەکانی مرۆڤ سیستەمێکی ئابوری گرنگ بوون کە جیاواز بوون لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام ئینجلس بڕوایەکی زۆری داوە بەو ناسینەوە پەرشوبڵاوانەی سەرکوتکردنی ژنان وەکو چینێك. لە ڕاستیدا ئینجلس تەنیا لەوێدا دانی بە سیستەمی چینایەتی سێکسی داناوە کە دەرکەوتوەو بنیادە ئابورییەکەی ڕوونکردۆتەوە. ئینجلس تەنانەت لەم ڕووەوە کارێکی باشی نەکردوە، بەڵام مارکس خراپتریش بوە. دانپێدانانێکی پەرەسەندوی ئاڕاستەی مارکس هەیە دژی ژنان (ئاڕاستەیەکی ڕۆشنبیری کە فرۆیدو هەروەها پیاوانی ڕۆشنبیریی بەشداریان کردوە.) شتێکی مەترسیدارە ئەگەر کەسێك هەوڵبدات بۆ فشاردان لەسەر فیمینیزم بۆ هەیکەلێکی مارکسی ئۆرسۆدۆکسیو –بەستنی ئەوەی کە تەنیا بینینە دوەمیەکانی مارکس و ئینجلسە سەبارەت بە چینایەتی سێکس بۆ دۆگما. لە جیاتی ئەوە، پێویستە ئێمە ماتریالیزمی مێژویی فراوان بکەین بۆ لە خۆگرتنی مارکسیە توندڕەوەکان. بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە فیزیای ڕێژەیی فیزیای نیوتنی پوچ نەکردۆتەوە بە زۆری لە کاتێکدا کە بازنەیەکی بەدەوریدا کێشاوەو پیادەکردنی سنوردارکردوە، بەڵام تەنیا لە ڕێگای بەراوردکردنەوە بۆ بوارێکی بچوکتر. بۆ دەستنیشانکردنێکی ئابوریانە کە کاری کردوە لە خاوەندارێتی هۆیەکانی

**پێویستە ئێمە ماتریالیزمی مێژویی فراوان بکەین بۆ لە خۆگرتنی مارکسیە توندڕەوەکان. بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە فیزیای ڕێژەیی فیزیای نیوتنی پوچ نەکردۆتەوە بە زۆری لە کاتێکدا کە بازنەیەکی بەدەوریدا کێشاوەو پیادەکردنی سنوردارکردوە**

بەرهەمهێنان، تەنانەت لە هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوەشدا، هیچ شتێك رون ناکاتەوە. ئاستێکی حەقیقەت هەیە کە ڕاستەوخۆ لە زانستی ئابورییەوە سەرچاوە ناگرێت.

ئەو گریمانەی کە لە ژێر زانستی ئابوریەوەیە. ئەوەیە کە حەقیقەت شتێکی دەرونی سێکسییە و ئاسایی وەکو شتی مێژویی ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن ئەوانەوە کە ڕوانینی ماتریالیستی دایەلێکتێکی مێژوو پەسەند دەکەن چونکە وا دەردەکەوێت کە ئێمە دەکاتەوە سەر ئەوزەوییەی کە مارکس لێیەوە دەستیپێکرد؛ بوون بە دەستە لە ڕێگای ئەو تەمومژی گریمانی یۆتۆپیاو سیستەمە فەلسەفیەکانەوە کە دەشیا ڕاست بێت یان دەشیا هەڵەبێت، ڕێگایەك نییە کە بگوترێت سیستەمەکان پێشکەوتنە مێژووییە کۆنکرێتییەکان ڕوون دەکەنەوە بە هۆی پۆلێنە پێشینەکانی فیکرو ماتریالیزمی مێژووییەوە، هەرچەندە هەوڵی ڕونکردنەوە درابێت، لە ڕێگای زانین بە هۆی بوونەوە، نەك بە پێچەوانەوە،

بەڵام هێشتا ئەڵتەرناتیڤێکی سێیەمی تاقینەکراوە هەیە: ئێمە هەوڵدەدەین بۆ پەرەپێدانی دیدێکی ماتریالیستانەی مێژوو کە لەسەر بنەمای سێکس خۆی وەستاوە.

تیۆرە سەرەتاییەکانی فیمینیست بە مەبەستی دیدێکی ماتریالیستانەی سێکس بوون لە بارەی ئەوەی فۆریەو بیبل و ئۆوین مەبەستیان لێی دیدێکی ماتریالیستانەی چینایەتی بوە. بەهۆی

ئەوەوەیە کە تیۆری گەورەی فیمینیستی وەکو شتێکی نەگونجاو بوە، کاتێ کە هەوڵە سەرەتاییەکانی فیمینیست بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی سێکسیزم بوە. ئەوەش شتێك بوە کە پێشبینی کراوە. کێشەکە هێجگار گەورەبوە، لە یەکەم هەوڵدا، تەنیا ڕوکەش توانراوە دابماڵرێت و نا یەکسانییە هەرە خراپەکان وەسفکراون، سیمۆن دیبۆڤار تاکەکەس بوو کە هاتۆتە پێشەوە بۆ – کێ وای دادەنێ کە ئەنجامی داوەشیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە. کارە بەرفراوانەکەی دیبۆڤار "ڕەگەزی دوەم" کە لەم نزیکانەدا و لە سەرەتای پەنجاکاندا دەرکەوت بۆ قەناعەت هێنانی جیهان بەوەی کە فیمینیزم مردوە- بۆ یەکەمجار هەوڵیدا بۆ دانانی فیمینیزم لەسەر زەمینەی مێژووی خۆی، لە هەموو تیۆرە فیمینیستیەکاندا تیۆری دیبۆڤار زیاتر هەمەلایەنەیە و دوورە لە دەست پێگەیشتن و ڕامکردنەوەو فیمینیزم دەبەستێتەوە بە باشترین فیکرەکانی ڕۆشنبیری ئێمەوە.

دەشێ ئەم چاکەیە دیسان یەکێك بێت لە شکستەکانی ئەو: دیبۆڤار زیاتر بە ئاگایە لە مەسەلەکانی ژیان و کەسێکی بە زانیارییە، لە هەر کوێدا ئەمە ببێتە لاوازییەك هێشتا بە دڵنیاییەوە گفتوگۆی دەکرێت –ئەوە لە ڕاڤەکردنی وجودیانەی توندی دایە بۆ فیمینیزم (کەسێ سەرسام دەبێت کە دەبوو سارتەر چەندێ هەوڵی لەگەڵ ئەوەدا بدایە). ئەمە لە ڕوانینی ئەو ڕاستییەوە کە هەموو سیستەمە ڕۆشنبیرییەکان بە بوونخوازیشەوە خۆیان لەلایەن دیوالیزمی سێکسییەوە بڕیار دەدرێن، دیبۆڤار دەڵێت: "پیاو هەرگیز بەبێ ئەوەی بیر لەوی تر بکاتەوە بیر لە خۆی ناکاتەوە"، جیهان لە ژێر ئاماژەی دیوالتییەکدا دەبینێ کە لە ئاستی یەکەمدا لە خاسێتێك سێکسی نییە، بەڵام ئەو بە جیاواز لە پیاو خۆی هەمان شێوەی پیاو (مرۆڤ) دادەنێت، بە شێوەیەکی سروشتی خۆی لە پۆلێکی ئەوانی تردا دادەنێت کە ژن تیایدا بە دەستەوە دراوە. ئەوانی تر ژن دێننە ناوەوە..

> **لە هەموو تیۆرە فیمینیستیەکاندا تیۆری دیبۆڤار زیاتر هەمەلایەنەیە و دوورە لە دەست پێگەیشتن و ڕامکردنەوەو فیمینیزم دەبەستێتەوە بە باشترین فیکرەکانی ڕۆشنبیری ئێمەوە**

لەوانەیە دیبۆڤار بەسەر نیشانەکەی خۆیدا تێپەڕی کردبێ.بۆچی داوای چەمکی بنەڕەتی هیگڵ سەبارەت بە (ئەویتربوون) دەکات وەکو دوا ڕوونکردنەوە پاشانیش بەوریاییەوە بە دۆکیومێنت کردنی ژینگەی بایۆلۆژی و مێژوویی کە پاڵیان ناوە بە چینی (ژنانەوە)دێت بۆ ئەم جۆرە دەستەیە کاتێ کەسێ هەرگیز بە جیدی حسابی شیانی هەرە سادەو زیاتر شیاوی نەکردوە کە ئەم دیوالیزمە بنەڕەتییە لە دابەشبوونی سێکسی خۆیەوە سەرچاوەی گرتوە؟ بۆ پەسەندکردنی پۆلێنە پێشینەییەکەی فیکرو بوون. "ئەویتربوون"، "تێپەڕاندن – گواستنەوە"، "گەوهەری بوون"، بۆ ئەوەی کە مێژوو دواتر تێی دەکەوێت دەشی پێویست نەبێت. مارکس و ئینجلس ئەوەیان ئاشکرا کرد کە پۆلێنکردنی فەلسەفیانە خۆیان لە دەرەوەی مێژوو گەشەیان کردوە.

پێش دانانی ئەم پۆلێن کردنە، با یەکەم شت هەوڵبدەین بۆ پەرەپێدانی شیکردنەوەیەك کە تیایدا بایۆلۆژی خۆی -نەوە بەرهەمهێنان-لە ئەسڵی دیوالیزمە. گریماندانانی ڕاستەوخۆی ئەوەی کە کەسێکی عیلمانی کە دابەشبوونی نا یەکسانی ڕەگەزەکانە بەسروشتی دەشێ بە چاکی دابمەزرێت. ئێمە پێویستمان بە ڕوانینی ڕاسەوخۆ بۆ ئەودیوی ئەم شتەوە نیە. جیاواز لە چینی ئابوریانە، چینی سێکسی ڕاستەوخۆ لە حەقیقەتی بایۆلۆژیانەوە سەرچاوەی گرتوە. پیاو و ژن بە جیاواز خوڵقێنراون و وەکو یەك ئیمتیازیان پێنەدراوە. سەرباری ئەوەی دیبۆڤار ئاماژەی بۆ دەکات یان دەگاتە ئەو دەرئەنجامە، ئەم جیاوازییە لە خۆیدا پێویستی نەبوە بە سیستەمێکی چینایەتی -دەسەڵاتکردن بەسەر چینێکدا لەلایەن چینێکی ترەوە- وەزیفە دیسان بەرهەممهاتووەکانی ئەم جیاوازییانەی ئەنجامدا

خێزانی بایۆلۆژیانە لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە هێزێکی نا یەکسانی دابەشبوونە. پێویستبوونی دەسەڵات دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دەرکەوتنی چینەکان لە پێکهاتەی سایکۆسێکسی هەر تاکە کەسێکەوە بەپێی ئەم نا هاوسەنگیە بنەڕەتیە لە چاو ئەوەی کە فرۆید و نۆرمان و ئۆبراون و ئەوانی تریش کە تەنیا جارێکی تر بەسەر نیشانەکەدا تێپەڕبوون و داوای ململانێی چڕنەکراوەی ژیانیان کردوە

**خێزانی بایۆلۆژیانە لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە هێزێکی نا یەکسانی دابەشبوونە**


فرۆید

دژی مردن.واتە داوای ئیرۆس بە دژی تاناتۆس.

خێزانی بایۆلۆژیا نیە، یەکە بنەڕەتی بەرهەمهێنانەوەی نێر/مێ/ساوا لە هەر شێوەیەکی ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتیدا بەم بنەمایانە خاسێتدار دەکرێت ئەگەر ڕاستی چەسپاو نەبن:

1-ژن بەدرێژای مێژوو لە پێش هاتنی لە دایکبوونی دەسەڵاتەوە لە ئاستێکی سۆزداری بەردەوامدا بوون لە ڕوە بایۆلۆژییەکەیەوە-بێ نوێژی-خوێن لەبەر ڕۆیشتن و نەمانی توانا و نەخۆشی ژنانە و ئازاری سەختی منداڵبوون و دایەنێتی و چاودێری ساوا هەموو ئەمانە وایان لەژن کردوە کە پشت بە پیاو ببەستێت(ئیتر ئەو پیاوە برا بێت یان باوك یان مێرد یان خۆشەویست یان خێڵ یان حکومەت یان کۆمەڵ لە ئاستێکی بەرزدا) لە پێناوی ژیانەوەی بەدەنیدا.

2-ساوای مرۆڤ کاتێکی دوور و درێژی دەوێت بۆ گەشەکردن لەچاو بێچوی ئاژەڵەکاندا، ئەمەش شتێکی یارمەتیدەر نییە، بەلایەنی کەمەوەبۆ ماوەیەکی کورت وایان لێدەکات پشت بە گەورەکان ببەستن لە پێناوی ژیاندنەوە(گەشەکردنی) بەدەنیدا.

3-ئەو نا سەربەخۆییبوونە بە یەکداچوەی دایك و منداڵ لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە شێوەیەك بوونی هەبوە چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا، ئەوەش سایکۆلۆژیەتی هەر مێیەکی پێگەیشتوو، هەر ساوایەکشی پێکهێناوە.

4-جیاوازی سروشتی لە بەرهەمهێنانەوەدا لە نێوان ڕەگەزەکاندا ڕاستەوخۆ بوەتە هۆی دابەشبوونی کار لەسەر ئەسڵی چینایەتی و هەروەها پێوانەی چینایەتی. واتە جیاکاری کردن لەسەر بنەمای خاسێتە بایۆلۆژییەکان.

ڕوودانە چاوەڕوانکراوە بایۆلۆژییەکانی خێزان ناشێت لەسەر ئەزموون و بەئاگاییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان لێك بدرێنەوە. هەرکەسێ چاودێری هاوەڵێتی ئاژەڵان و بەرهەمهێنانەوە و چاودێری کردنی بێچوەکانیان بکات ئەوە دەکەوێتە حاڵەتێکی زەحمەتەوە بۆ قبوڵکردنی هێڵی"ڕێژەیی بوونی ڕۆشنبیری"، بێ هیچ هۆیەك چەند دەتوانیت لە ئۆشیانیا چەند خێڵ ببینیت کە تیایدا پەیوەستبوون بە باوکەوە بۆ بەرهەمهێنانی نەوە نەزانراوە.گرنگ نییە چەندێ حاڵەتی پێچەوانە کردنەوەی دەسەڵاتیسێکس و ماڵداریێتی کردنی ژن یان تەنانەت ئازارە ڕەتنەکراوەکانی کار.. ئەم ڕاستیانە تەنیا یەك شت دەسەلمێنن:سەرسامبوونی جوڵەداریێتی سروشتی مرۆڤ، بەڵام سروشتی مرۆڤ گونجاوە بۆ هەندێ شت، بەڵێ ئەوە بڕیار دەدرێت لەلایەن هەلومەرجە ژینگەییەکانەوە. خێزانی بایۆلۆژیانە کە ئێمە وەسفمان کردوە لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێکدا هەبوە. تەنانەت لە دایك سالاریشدا کە لەوێدا بەرهەمهێنانی ژن پەرستنە و دەوری پیاو نەزانراوە یان گرنگ نییە لەوانەیە ئەگەر یەکێك باوکێکی ئەسڵیشی نەبێت. ئەوا هێشتا هەندێ پشت بەستنی ژن و ساوا بە باوك هەیە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا شتێکی ڕاستە کە خێزانی بێ لایەن تەنیا پەرەسەندنێکی نوێیە، شتێکە کە من هەوڵدەدەم نیشانی بدەم و تەنیا هەڵە سایکۆلۆژییەکانی خێزانی بایۆلۆژیانە چڕ بکەمەوە، سەرباری ئەوەش شتێکی ڕاستە کە بەدرێژایی مێژوو جۆراو جۆرێتی زۆر هەبوە لەسەر خێزانی بایۆلۆژیانە، ئەو ڕوودانە چاوەڕوانکراوانەی کە وەسفم کردوون و لە هەموویاندا هەیە، بوە بەهۆی شێواندنی دیاریکراوی سایکۆسێکسی لە کەسێتی مرۆڤدا،

بەڵام بۆ ڕازی بوون بەوەی کە نا هاوسەنگی سێکسی دەسەڵاتەکە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بنیاد دەنرێت بەمەبەستی ونکردنی حاڵەتی ئێمە نییە. ئێمە تازە چی تر ئاژەڵ نین. مەملەکەتی سروشت جڵەوی ڕەها ناکات، هەروەك سیمۆن دیبۆڤار خۆی پەسەندی دەکات:

بیردۆزی ماتریالیزمی مێژوو هەندێ ڕاستی گرنگی خستۆتە بەردەم ڕوناکییەوە. مرۆڤایەتی ڕەگەزێکی ئاژەڵی نییە، ئەمەش ڕاستیەکی مێژووییە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی(ئەنتی فیریسە)، ئەوەش هەستێکە دژی سروشت، بەشێوەیەکی نادیارانە مل کەچ ناکات بۆئامادەبوونی سروشت، بەڵام زیاتر دەست بەسەر دەسەڵاتی سروشتدا دەگرێت لەسەر لایەنگیری خۆی، ئەم پێ لە ڕاستی نانە کارێکی خودی ناوخۆیی نییە بەڵکو شتێکی بابەتیانەی تەواوە لەکاری پراکتیکیدا.

> لە دایك سالاریشدا کە لەوێدا بەرهەمهێنانی ژن پەرستنە و دەوری پیاو نەزانراوە یان گرنگ نییە لەوانەیە ئەگەر یەکێك باوکێکی ئەسڵیشی نەبێت. ئەوا هێشتا هەندێ پشت بەستنی ژن و ساوا بە باوك هەیە

بەمجۆرە"سروشتی" وەکو پێویستی بەهایەکی مرۆیی نییە. مرۆڤایەتی دەستی کردوە بە گەشەیەکی زیاتری سروشت. ئێمە چی تر ناتوانین بیانوی پاراستنی سیستەمی جیاکاری چینایەتی سێکسی بهێنینەوە لەسەر زەمینەی ئەسڵەکانی لە سروشتدا.

لەڕاستیدا لەبەر هۆکارە پراگماتیکییەکان کە بە تەنیا دەست دەکات بەدەرکەوتن وەکو ئەوەی دەبێ لێی دەربازبین.

ئەم کێشەیە دەبێتە کێشەیەکی سیاسی، داوای شیکردنەوەیەکی زیاتر لە شیکردنەوەی هەمەلایەنەی مێژوویی دەکات، کاتێ کەسێ پەی بەوە دەبات، سەرباری ئەوەی کە پیاو زیاتر توانای خۆ ئازاد کردنی هەیە لە دەست ئەو مەرجە بایۆلۆژیانەی کە توند و تیژی ئەوەیان بەسەر ژن و منداڵدا دروستکردوە، ئەوەی پیاو لێکدانەوەیەکی کەمی هەیە بۆ ویستنی وازهێنان لەو توندوتیژیە(یان لەو دەسەڵاتە ئیستبدادیە). هەروەك ئینجلس لە سیاقی شۆڕشی ئابوریدا گوتویەتی:

"ئەوە یاسای دابەشکردنی کارە کە بنەماکانی دابەشبوون دەخاتە نێو چینەکانەوە.(تێبینی ئەوە بکە کە ئەم دابەشبوونە خۆی لە دابەشبوونی بنەڕەتی بایۆلۆژیانەوە گەشەی کردوە) بەڵام ئەمە ڕێگا لە چینی فەرمانڕەوا ناگرێت کە جارێك دەستێکی باڵای هەبێت لە ڕێگای بە هێزکردنی دەسەڵاتی خۆیەوە لەسەر مافی چینی کارکەر، لە هەڵگێڕانەوەی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵایەتیەوە بۆ ئیستغلالکردنی توندوتیژی جەماوەر".

لەبەر ئەوە سیستەمی چینایەتی سێکسی دەشێ لە بارودۆخە بایۆلۆژیە بنەڕەتیەکانەوە دەستی پێکردبێت، ئەمەش جارێك زەمانەتی بنەمای بایۆلۆژی سەرکوتکردنیان ناکات و بەڵکو ئەوە بەلاوەنراوە کە ژنان و منداڵان ئازاد بکرێن. بەپێچەوانەوە،تەکنۆلۆژیای نوێ بەتایبەتی دەسەڵاتی بەرهەمهێنان (بەپیتی) دەشێ بەکار بهێنرێت لە دژیان بۆ مەبەستی بە هێزکردنەوەی سیستەمی ئابلۆقەداری ئیستغلالکردن. ئینجلس تەنیا بە مەبەستی دڵنیابوون لە لابردنی چینە ئابورییەکان داوای شۆڕشی چینی خوارەوە (پرۆلیتاریا) دەکات و لە سیستەمی دیکتاتۆری کاتیدا بۆ دەستگرتنیان بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا و هەروەها بۆ دڵنیابوون لە لابردنی چینە سێکسییەکان داوای شۆڕشی چینی خوارەوە (ژنان)و دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانەوە دەکات.. نە تەنیا گەڕانەوەی تەواوەتی ژنان بۆ پەرستنی جەستەی خۆیان، بەڵکو هەروەها دەسەڵات بە دەستگرتنی (کاتی، میشیان بەسەر بەپیتی مرۆڤدا بە سەر بایۆلۆژیای نوێی خەڵکی و هەروەها دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنانی منداڵ و پەروەردەکردنی منداڵدایە. دوا ئامانجی شۆڕشی سۆشیالیستی تەنیا لابردنی ئیمتیازی ئابوری چینایەتی نەبوو بەڵکو لابردنی

**لەبەر ئەوە سیستەمی چینایەتی سێکسی دەشێ لە بارودۆخە بایۆلۆژیە بنەڕەتیەکانەوە دەستی پێکردبێت، ئەمەش جارێك زەمانەتی بنەمای بایۆلۆژی سەرکوتکردنیان ناکات و بەڵکو ئەوە بەلاوەنراوە کە ژنان و منداڵان ئازاد بکرێن**

جیاوازی ئابوری چینایەتی خۆی بوو، بەمجۆرە دوا ئامانجی شۆڕشی فیمینیستی پێویستە جیاواز بێت لە ئامانجی یەکەم بزوتنەوەی فیمینیستی، نەك تەنیا لابردنی ئیمتیازی پیاو بێت بەڵکو لابردنی جیاوازی سێکسی خۆی بێت، جیاوازیەکانی ئەندامانی جووتبوون لە نێوان مرۆڤدا لە ڕووی کولتووریەوە چی ترمایەی باس نین. بەرهەمهێنانی جۆرەکان لەلایەن یەك ڕەگەزەوە بۆ کەڵکی هەردوولا دەشێ جێگای بگیرێتەوە (بەلایەنی کەمەوە هەڵبژاردنیان/ بە بەرهەمهێنانەوەی دەستکرد.دەشێ منداڵ بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە لە دایك ببێت، یان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ یەکێکیان لە دایك بێت، کەسێ هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی سەیری بکات. پەیوەستبوونی منداڵ بە دایکەوە (بە پێچەوانەشەوە/ ڕێگادەکاتەوەبۆ پەیوەستبوونی هێجگار کورت لەسەر دەستەیەکی بچوکی ئەوانی تر بە گشتی، هەروەها هەر ئاستێکی زمانی مانەوە بۆ گەورەکان لە هێزی جەستەیدا پڕ دەکرێتەوە بۆ مەبەستی کولتووری، دابەشبوونی کار کۆتایی دێت بەهۆی لابردنی کارەوە بە شێوەیەکی تەواوەتی. توندوتیژی خێزانی بایۆلۆژیانە دەشێ تێکبشکێنرێت. لەگەڵ ئەویشدا دەسەڵاتی سایکۆلۆژی تێکست شکێنرێت، وەکو ئینجلس داوای شۆڕشێکی سۆشیالیستی توندی کردوە.

بوونی نەك ئەم یان ئەو چینە فەرمانڕەوایە بە سادەیی بەڵکو بوونی هەر چینێکی فەرمانڕەوا بە گشتی (کە هەبێت) دەبێتە ئەنارشیزمێکی ڕەها.

**لەبەر ئەوەی کە شیکردنەوەی مارکسیانە خۆی ناتەواو بوە: ئەو شیکردنەوەیە ئەوەندە نەچۆتە قوڵاییەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی سایکۆلۆژیانەی چینایەتی**

ئەو سۆشیالیزمەی کە هەرگیز لە جێبەجێکردنی ئامانجی پێشبینیکراو نزیك نەبۆتەوە، تەنیا ئەنجامی جێبەجێ نەکردن یان مەرجە ئابوریە پێشتر بە گەڕنەخراوەکان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە شیکردنەوەی مارکسیانە خۆی ناتەواو بوە: ئەو شیکردنەوەیە ئەوەندە نەچۆتە قوڵاییەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی سایکۆلۆژیانەی چینایەتی. مارکس لەسەر شتێك بوو زۆر فراوانتر بوو لە چاو ئەوەی کە دەیزانی کاتێ چاودێری ئەوەی کرد کە خێزان لە سنوری خۆیدا لە کۆرپەلەدا هەموو ئەو دوژمنایەتیانەی تێدابوە، کە دواتر پێوانەیەکی فراوان لە سنوری کۆمەڵ و دەوڵەتدا برەوپێدەدەن. هەتا شۆڕشی ڕێکخراوە کۆمەلایەتیە بنەڕەتیەکان، خێزانی بایۆلۆژیان لە ڕەگەوە هەڵنەکەنێت سایکۆلۆژیای دەسەڵات هەمیشە دەشێ بە نارەوایانە بەکاربرێت – هێڵی ئیستغلالکردن هەرگیز هەڵناوەشێتەوە. ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی سێکسی زۆرگەورەتر هەیە لە چاو "گشتگیری" شۆڕشی سۆشیالیستیدا ئەویش بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ڕاستەقینەی هەموو چینە کۆمەلایەتیەکان.

# ڕوونکردنەوەیەک لە سەرنووسەری ئایندەوە

پاش بڵاوبوونەوەی وتارەکەی شەهرامی قەوامی دەربارەی ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی لە ژمارە (29)ی ئایندەدا، هەندێ بیروبۆچونی جیاواز سەبارەت بە وروژاندنی ئەم جۆرە لایەنانەی ئەدەب و بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەی ئەم جۆرە وتارانەم بیست. بڕێک لەو برادەرانە ڕایان وایە کە "ئایندە" خۆی لەو جۆرە وروژاندنانە بەدوور بگرێ. جارێ ئێمە خۆمان داوامان لە کەس نەکردوە وتاری لەو چەشنە بنووسێ، بەڵکو نووسەری وتار لە سنە دادەنیشێو من دوورونزیک ئاشنایەتیم لە گەڵیدا نییەو بە پێچەوانەوە من برادەری بەختیارو مەریوان و ڕێبینم و ئەوانیش بە کەسانی داهێنەرو ڕۆشنبیر دەناسم و بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەی ئەو جۆرە وتارانە بەشێکە لەو ئازادیو ڕاوبۆچوونەی کە گۆڤارەکەی پێناسراوەو تا سەرئێسقان باوەڕم بەو جیاوازی بۆچوون و ئازادییە هەیە. خوێنەرانی خۆشەویست شایەدی ئەوەمان بۆ دەدەن کە لاپەڕەکانی "ئایندە" هەمیشە کراوەبوە بۆ ڕەخنەو گفتوگۆو ڕای بەرامبەر، بەڵام ئەوەی مەرجی ئێمەیە ئەوەیە، کە گفتوگۆیەکی جیدی بکرێ، دوور لە موهاتەرات و جنێوو ڕووشاندن، خۆ هەندێ جار ئەو جۆرە نووسینانە بەرۆکی هەڵسوڕێنەرانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیشی گرتۆتەوە، ئەوەش حاڵەتێکی زۆر ئاساییەو مادەمەکی مرۆ دەنووسێو بەرهەمەکەشی بۆ ئەوانە، شتێکی سروستییە کە ئەوانیش ڕاو سەرنجی خۆیان هەبێ لەم بارەیەوە.

بۆیە جارێکی تر بە پێویستی دەزانم ئەو پرنسیپە دووپات بکەمەوە کە ئێمە لە ئایندەدا پشتی پێدەبەستین، ئەویش بریتیە لەوەی کە گۆڤاری "ئایندە" سەکۆیەکی ئازادی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییە بە هیچ شێوەیەك و بۆ هیچ کەسێك سازش لەسەر ئەو مەبدەئە ناکەین (وتارەکانی موکری دەربارەی شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارف، و وتارەکانی عەتا قەرەداغی دەربارەی شێرزاد حەسەن و گفتوگۆی ڕێبین هەردیو مەلا بەختیار..) هەموویان گەواهی ئەو قسانەن کە بەشی زۆری ئەو برادەرانە لە دەزگاکەماندا کاردەکەن.

**دڵشاد عەبدوڵڵا**